# دەرکەوتەکانی شوناسنامەی نەتەوەیی لە شیعری نوێی کوردیدا

پ.ی.د.هیوا کەریم حسێن

hiwa.husein@univsul.edu.iq

زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – بەشی کوردی

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە ؛ ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

ئەدەبی نوێی کوردی بە گشتیی و شیعری نوێ لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا یەکەمین تیشکەکانی خۆی پەخش دەکات. حاجی قادر پێشەنگی شیعری نوێی کوردییە و دواتر پیرەمێرد و گۆران و شێخ نووری و...تاد دێن. لەم توێژینەوەیەدا ئێمە دەمانەوێت دەرکەوتەکانی شوناسنامەی نەتەوەیی لە شیعری نوێی کوردی دەربخەین، چونکە شیعری نوێی کوردی لەو سەردەمدا هەڵگری ڕۆشنبیرییەکی فیکری قووڵ بووە، لە هەستکردن بە ئازار و واقیعی ژیانی نەتەوەی کورد سەری دەرهێنابوو. واتە شیعری نوێی کوردی گوزارشت بوو لە ڕۆحی نەتەوەیی کورد، کە دەرخەری خەبات و تێکۆشانی شاعیرانی کورد لە پێناو سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردە. ئەمەش ئەرکی ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەت بەرامبەر کۆمەڵگە و نەتەوە زیاتر دەکات، توێژینەوەکەمان لە دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتووە. بەشی یەکەم تیۆرییە، لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە. لە تەوەرەی یەکەمدا باسی چەمک و زاراوەی شوناسنامە و نەتەوە و پەیوەندی ناسنامە بە شیعرەوە دەکەین. لە تەوەرەیەکی تردا باسی سەرەتاکانی پەیدابوونی شیعری نوێی کوردی دەکەین، حاجی قادری کۆیی یەکەم شاعیرە شیعری کوردی نوێ کردۆتەوە. لە بەشی دووەمدا لە چەند تەوەرەیەکدا باس لە دەرکەوتەکانی بەها نەتەوەییەکان لە شیعری نوێی کوردی دەکەین، لەوانە: شەهید، نەورۆز وەك جەژنی نەتەوەیی، شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی وەك کەرەستەی ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوە، شانازییکردن بە زمانی کوردی وەك شوناسی نەتەوەیی، شیعروەك پەیامی یەکێتی و یەکبوون ، شیعر وەك پەیامی هۆشیارکردنەوە. لە کۆتاییشدا بە چەند ئەنجامێک کۆتایی بە توێژینەوەکەمان دەهێنین. لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان بە شێوەی هارڤارد.

**کلیلەوشە:** شوناس، نەتەوە، شیعری نوێ،حاجی قادری کۆیی،زمان، مێژوو .

### پێشەکی

شوناس یەکێکە لە ڕەهەندەکانی هەر نەتەوەیەک، کە نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی تر جیا دەکاتەوە. شوناسی نەتەوەییش یەکێکە لە سیماکانی دنیای مۆدێرن و نوێ، کە مرۆڤ لە سەرەتای سەدەی شانزەوە لە ڕۆژئاوا کاری لەبارەوە کرد. ئەم سیمایە بووە مۆتیڤێک بۆ شیعری نوێ وەک دەرکەوتەیەکی نوێکردنەوە خۆی پێوە خەریک دەکات. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، شاعیرانی کورد وەک سیمایەکی نوێکردنەوەی شیعر کاریان لەبارەوە کردووە، وەک کەرەسەیەکی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و سەلماندنی خۆیان.

### گرنگیی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی لە بەها و شوناسنامەی نەتەوەی شیعری شاعیرانی نوێکەرەوەی ئەدەبی کوردی تێبگەین لە ئاڕاستەو دیدو بۆچۆنیان سەبارەت بە پرسە نەتەوەیەکان.

### ئامانجی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە بەها بۆ شیعری شاعیرانی نوێکەرەوە بگەڕێنێتەوە، بەو واتایەی یەکێک لە ئەرکەکانی شیعری نوێ کوردی پاراستنی ناسنامە و بەها نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەکانە. هاوکات ئەو تیروانینە وەلابنرێت، کە شیعری نوێی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوتووە بەڵکو ڕەك و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم لای حاجی قادری کۆیی.

### پرسیاری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە، ئایا شیعر، بەنموونەی شیعری نوێی کوردی، دەتوانێت نوێنەرایەتی شوناس بکات؟ یان ئایا توانای دروستکردنی شوناسی هەیە؟یان ئایا شیعری نەتەوایەتی بۆتە ئیلهامبەخش و سەرچاوەی بەرەنگاربوونەوە؟ ئەو فاکتەر و بەها نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیانە چین، کە شاعیر پاراستوونی؟

### میتۆدی توێژینەوە

سرووشتی توێژینەوەکەمان وا دەخوازێت پەنا بۆ مێتۆدی کۆمەڵایەتی ببەین، چونکە ئێمە کار لەبارەی ناسنامە و نەتەوە دەکەین وەک دوو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد.

### سنوور و کەرەستەی توێژینەوە

سنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە قۆناغی یەکەم دەگرێتە خۆی لای حاجی قادری کۆیی و شاعیرانی نوێکرەوەی شیعری کوردی لە قۆناغی دووەمدا.

sjh@univsul.edu.iq

**پێکهاتەی توێژینەوە**

توێژینەوەکەمان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشی یەکەم، بەشێکی تیۆرییە. لە تەوەرەیەک باسی چەمک و زاراوەی شوناسنامە و نەتەوەو و پەیوەندی ناسنامە بە شیعرەوە دەکەین. لە تەوەرەیەکی تردا باسی سەرەتاکانی پەیدابوونی شیعری نوێی کوردی دەکەین. لە بەشی دووەمەدا لە چەند تەوەرەیەکدا باس لە دەرکەوتەکانی بەها نەتەوەیەکان لە شیعری نوێی کوردی دەکەین، لەوانە: شەهید، نەورۆز وەك جەژنی نەتەوەی، شیعری نیشتمانی ونەتەوەیی وەك کەرەستەی ڕاپەڕین و بەرنگاربوونەوە، شانازیکردن بە زمانی کوردی وەك شوناسی نەتەوەیی ، شیعروەکپەیامی یەکێیتی ویەکبوون ، شیعر وەك پەیامی هۆشیاریکردنەوە. لە کۆتاییشدا بە چەند ئەنجامێک کۆتایی بە توێژینەوەکەمان دەهێنین .لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان بە شێوەی هارڤارد.

**بەشی یەکەم : لایەنی تیۆری چەمکەکان شوناسونەتەوە و شیعری نوێ**

چەمك و زاراوەی ناسنامەو شوناس

شوناس کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەدات بە شتێک، بۆ ئەوەی لەوانی تری جیابکاتەوە، دەگونجێ ئەم شوناسە تایبەتبێت بە تاکێک، یان کۆمەڵێک، یاخود گروپێک، قەوارەیەك وایلێبکات لە بەرامبەرەکەی جیابیکاتەوە. شوناس وەک ناسنامەی کەسێک یان کۆمەڵێک وایە، کە لە کەسانی تر و کۆمەڵێکی تر جیاوازە، ((وشەی شوناس ( identity ) لە وشەی لاتینی ( identities)ەوە وەرگیراوە، بە دوو مانای ڕواڵەت دژوار بەکاردەبردرێت؛1) وەکیەکی و یەك چەشنیی ڕەها. 2)لێکجیایی، کە هەڵگری جێگیری و بەردەوامییە لە درێژایی زەمەندا )) [ گوڵمحەمەدی, 2007 :221 ]. واتا بە دوو مانا شرۆڤە دەکرێت تەبایی ڕەهاو جیاوازی هەمیشەیی، بەڵام بە گشتیی پرسیارکردنە لەکەسێک کە کێیە و چ تایبەتمەندی کەسی و تاکیەتی وتایبەتمەندیی کۆمەڵی هەیە؟ لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الهویة)ی بۆ بەکارهاتووە لە ڕووی زمانەوانییەوە لە (هو)وە هاتووە کە دەڵێت (هو)وە بە واتای فلان کەس، یا خودی ئەو کەسە، واتا ئەم کەسە هاوشێوە (مطابق) خودی خۆی بێت، پێکهاتەی دەروونی و جەستەیی و هەستیی و ڕۆشنبیریی و مێژوویی وئایدۆلۆجی و بیروباوەڕی ئاینیی ئەو مرۆڤە چییە؟ ئەوە پێیدەوترێت هەوییەی ئەو مرۆڤە، واتا لە (هو)وە وەرگیراوە لە زمانی عەرەبیدا، بە واتایەکی تر واتا مرۆڤەکە هاوشێوە (مطابق)ی خودی خۆیەتی و لە غەیری خۆی ناچێت، تایبەتمەندیی خودیی هەیە و جیاوازە لە کەسانی تر. ڕێکخراوی یۆنیسکۆش پێی وایە کە شوناس کاکڵەی سەرەکی کەسایەتی تاک و کۆمەڵە، کە کردار و ڕەفتارو بڕیارە سەرەکییەکانی تاک یان کۆمەڵ ( قەوم، نەتەوە) پێکدێنێت. شوناس هاوکات لێکچوون و جیاوازی لە نێوان تاکەکاندا یان لەنێوان کۆمەڵەکاندا دروست دەکات. لەڕاستیدا دەرکەوتنی شوناس لە سەرهەڵدانی دوو سیفەتی لێکچوون و جیاوازیی لە نێوان خۆت و ئەوی تردایە. واتا کاتێ کەسێک دەڵێت من ئەو کەسەم، لەو بنەماڵەیەم، لەو نەتەوەیەم، هاوکات باس لەوەش دەکات، کە من لەگەڵ ئەم و لەگەڵ ئەو و ئەوانی تریش جیاواز، لە هەناوی شوناسدا پەیوەندییەک هەیە، ئەوکاتەی باسی خۆت ئەکەی هاوکات بیر لەوش دەکەیتەوە، کە لەکەسێکی تر ناچیت و جیاوازیت. هەر لەبەر ئەوەشە (( زۆربەی شارستانییەت و ئاڕاستە هزریەکان گرنگیی تایبەتییان بە پرسی شوناس داوە، ئەو پرسەش لەوەدا بەرجەستە بووە کە (مرۆڤ کێیە)؟ یان شوناسە گشتیەکەی بوونی چیە)) [ جەوهەر, 2019 :475 ] . شوناس، بریتییە لە هەستی ئێمە دەربارەی ئەو شتانەی، هەر تاکێک لەویتر جیادەکاتەوە، ئەویش درک و ناسینێکە لە «من». کەواتە شوناس، بە کەس نابەخشرێت بەڵکو لە ڕێگەی دانوستان و مامەڵە

sjh@univsul.edu.iq

لەگەڵ ئەوانی دی، دێتە بەرهەم. لەم ڕوانگەوە دەکرێ شوناس بە پرۆسەیەکی درێژخایەن لە قەڵەم بدرێ، کە هەمیشە لە دۆخی گۆڕاندایە. بەمپێیە شوناس بابەتێکی فرە ڕەهەندە. هەریەکێک لە ئێمە خاوەنی چەند شوناسێکە، کە لایەنە بەرجەستەکەی لە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخی ژیانمان تووشی گۆڕان دەبێت. شوناس لەڕێگەی تێکەڵبوون و هەماهەنگییەوە دروست دەبێت و کردارێکی خۆڕسکی نییە. لەم ڕووەوە (سامۆئیل هنتنجتۆن) دەڵێت: ((ئێمە نازانین کێین تا نەزانین ئێمە چی نەبووین، بە شێوەیەکی گشتیش کاتێك زانیمان، کە بەرامبەر بەکێین)) [هنتنجتون,1998 :39 ] . چەمکی (Identity) لە هەر کلتوور و مێژوویەکدا دەلالەت و مانای خۆی هەیە و بەپێی ئەوەش لە دیسکۆرس(discourse) و مژارە فیکری و ئەدەبییەکانی ئەو کلتوور و مێژووە دیسان سیستەمێکی تر لە بەرهەمهێنانی مانایی بۆی پێناسە دەکرێت. بەم حاڵەش ئەم چەمکە تایبەت نییە بە دونیای فیکر و ئەندێشەی ڕۆژئاوا و تازەش نەهاتۆتە ئاراوە. دەشێت بوونی ئەم زاراوەیە بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمانی زۆر کۆنتر و تەنانەت پێش ئایینەکان و چاخی میت(myth)و ئوستوورەکان، بە شێوەیەکی گشتی و فەلسەفی لە هەر کوێ پرسیار هەبووە ئەم پرسە و جوودی و فەلسەفییەش ئامادە بووە، دەشێت ڕووبەری ئەو پرسیارانەی بەندن بەم چەمکەوە بەربلاو و فراوان بن، هەر لە ڕوانگەی بووناسانەوە بگرە تاکو ڕوانینی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسانە و مێژووییش. پرسی شوناس هەر لە دێر زەمانەوە قسەوباسی لەبارەوە گراوە ( پرسی شوناس وەك بابەتێکی فەلسەفی کۆمەڵایەتی ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژووی دوورو درێژی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گرنگییدان بە فەلسەفە لای گریگەکان ) [ کلود, 2008 :16 ]. ئەو ڕەگەزانەی، هەوێنی پرسیار لە شوناسی کەسێک پێک دێنن، بریتین لە: نیشتمان، مێژوو، زمان، ئەدەب، ئایین، پێکهاتە و ستراکتووری سیاسی، کلتوور و هونەری هاوبەش . لەم ڕوانگەیەوە ((شوناس چەمکێکە دنیای دەروونی یان کەسێتی لەگەڵ فەزای گشتی فۆرمە کلتووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ دەکا و خەڵك لە ڕێگای ئەوانەوە سەبارەت بە ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی خۆیان هەستیار دەبن)) [گوڵمحەمەدی, 2007 :224 ].

چەمکی شوناسنامەی نەتەوەیی

چەمکی نەتەوە: ئەگەر سەیری واتای فەرهەنگیی وشەی نەتەوە بکەین لە زۆربەی فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیایی بیانی و کوردی دا دەبینن زۆربەیان هەر بە یەک شێوە باسیان لێوە کردووە. ئەویش بە مانای کۆمەڵە مرۆڤێک دێت، کە هەندێ تایبەتمەندی و سیفەتی تایبەتی بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە: ئەگەر فەرهەنگی ئۆکسفۆرد وەرگرین بەم شێوەیە تێدا هاتووە:(( ناسیۆنالیزم ،ویست و ئارەزووی کۆمەڵێکی مرۆییە کە هاوبەشن لە ڕەگەز، کلتوور، زمان .... هتد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ)) (Oxford،2001 :847) هەروەها لە فەرهەنگی هەراشان دا بەم شێوەیە ناوی نەتەوە هاتووە:((نەتەوە، قەوم، میللەت، گەل، کۆمەڵە خەڵکێک کە یەک ڕەگەز و فەرهەنگ و زمان و خاکیان هەبێت))(موکریانی، ٢٠٠٧ ، ٧٩٠ ).

شوناسنامەی نەتەوەیی ((National Identity لە سەر بنەمایەکی سەرەکی و بنەڕەت دروست بووە، ئەویش جیاوازیی نێوان نەتەوەکانە. شوناسنامەی نەتەوەیی بریتییە لە: تەواوی تایبەتمەندی و بەها هاوبەشەکانی نەتەوەیەکی سەربەخۆ کە تاکەکانی ئەم نەتەوەیە هەست و زانیاری و هۆشیارییان لەسەر ئەو بنەمایانە هەیە و بە هۆی ئەم بنەمایانە بەرامبەر یەکتر هەست بە وابەستەیی دەکەن. شوناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی تر. خاکی هاوبەش، ئایینی هاوبەش، زمانی هاوبەش، مێژووی سیاسیی هاوبەش، کلتووری هاوبەش و داب و نەریت و ئەدەب و هونەری هاوبەش، چەمکی شوناسنامەی نەتەوەیی پێک دێنن. بۆیە شوناسنامەی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک، پێش هەموو

شتێک پەیوەندیی بە شوێن و ژینگەی جوگرافیی ئەو نەتەوەوە هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین شوناسنامەی نەتەوەیی چەمکێکی جوگرافییە. چەمکی شوناسنامەی نەتەوەیی، سەرەتا لە ئەوروپا سەری هەڵدا بەواتایەکی تر لەدایکبووی سەردەمی نوێیە کە مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نوزدە کە ڕووی لە ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی تر کرد؛ بەم پێیە شوناسنامەی نەتەوەیی، دەرئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری وکلتووری و هزری وکۆمەڵایەتییەکانی ئەوروپایە. هاتنەکایەی یەکە سیاسییە نوێیەکان، واتا دەوڵەتی نەتەوەیی، بووە هۆی دروستبوونی مانایەکی نوێ لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش ناسنامەی نەتەوەیی بوو. لەم سەردەمە، بنەمای سەرەکیی ناسنامە، هۆشیاری بوو کە گۆڕانکاریی قووڵی لەسەر مانای ناسنامە دروست کرد. کەواتە چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی، چەمکێکی تا ڕادەیەک نوێیە و بووەتە جێگرەوەی چەمکی هۆشیاریی نەتەوەیی، کە ئەم چەمکە زۆرتر لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بەکار دەهات. بە واتایەکی تر، چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی، بە شێوەیەکی پراکتیزەکراو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی سیستەمی نێودەوڵەتی لە ڕووی سیاسییەوە لە دوو سەدەی ڕابردوو.

هەموو نەتەوەیەک خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆیەتی واتە هەمو ئەو شتانەی، پێی دەناسرێتەوە وەک زمان و دابو نەریت و جلوبەرگ و ئاواز و گورانی هۆنراوە و ...زمان زیاتر تایبەتێتی وەرگرتوە دەبێتە ناسنامەی نەتەوەی (دەتوانین هێماجیاکەرەوەکانی شوناس پۆلێن بکەین بۆ دوو بەش؛ بەشی یەکەم کە هێما بنەڕەتیەکانن، بریتین لە کلتوور، باوەڕ، لەگەڵ کردەپەرستش بەشی دووەمیان بریتین لە پۆشاک، زمان، لەگەڵ شێوەو ڕەنگ ) [ ناش، ١٩٩٦: ٢٤].

لە هەموو چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێك کەس هەیە، خاوەن کۆمەڵێ ئامرازی کلتووریین، کە ئەو ئامرازانە هێمای جیاکەرەوەی کلتوورن؛ بەمپێیە، جیاوازیی نێوان چەند کۆمەڵێک ئەو هێمایانەن، کە هەریەک لەو کۆمەڵانەی پێدەناسرێتەوە دەبێت بە ڕوونی بەرجەستەبکرێن و ببینرێن، چونکە ئەو هێما جیاکەرەوانە پێمان دەڵێن کێ ئەندامە لەو کۆمەڵەیە؟ و چ پێشمەرجێکی کلتووریی پێویستە بۆ بوون بە ئەندام؟ [ناش ١٩٩٦: ٢٦]. مەبەست لەو هێمایانەی، شوناس دیاری دەکەن، هێمای پاراستنی سنوری شوناسن. ئەگەر ئەو سنورانە بە شێوازێکی بەردەوام، لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵە نەتەوەییەکەوە ببەزێنرێن شوناس دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی لەناوچوونەوە. بۆ نمونە، ئەگەر بە بەردەوامیی بە زمانێک قسە بکەیت زمانی دایک نەبێ و زمانی نەتەوەیەکی تربێت، لێرەدا زمانی دایك دەخرێتە ژێر پرسارەوە، یان جلوبەرگ، تۆ هەمیشە بیکەیت بە نەریتی ڕۆژانە لە جیاتی جلوبەرگی نەتەوەییت بەردەوام جلوبەرگێکی تر لەبەر بکەیت، تۆ بەم کردەوەیەت شوناسی زمان و جلوبەرگێکی تر پێناسە دەکەیت؛ ئەگەر بۆ هەموو هێما جیاکەرەوەکانی شوناس دوبارەبێتەوە، ئەو کۆمەڵە نەتەوەییە لە بوون دەکەوێ، لە کلتووری نەتەوەیەکی تردا دەتوێتەوە و دەبێت بە بەشێک لە شوناسێکی تر. واتە، نەتەوە بە لەدەستدانی شوناسی، بوونی خۆی لەدەست دەدا، ئەمەش پێی دەگوترێ خۆکوژی شوناس. کەواتە، هەر کۆمەڵێکی نەتەوەیی نەتوانێ بە زیندوویی شوناسەکەی ڕابگرێ، هەڕەشەی نەمان لە سەر شوناسەکەی دروستدەبێت. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە تاکەکەس هەڵگری شوناسە و سەرەتا لەودا خۆی بەرجەستە دەکات. بە زیندو ڕاگرتنی هێماکانی شوناس لە لایەن تاکەوە دەبێتە هۆی زیندوو ڕاگرتن و مانەوەی ئەو نەتەوەیە، ئەمە پێچەوانەکەشی ڕاستە، ((شوناس گوزراشت لە کەسێتی جێگە وتاکەکانی دەکات، کەلە ئەنجامی بەرپرسیارێتی تاکە هەستیارەکان دێت ))[ارزقی،1988: 56]. بەمپێیە دەبێت تاکەکانی ئەو نەتەوەیە هێماکانی شوناسی نەتەوەییان لە خۆیاندا پراکتیزەبکەن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەزموونی بکەن تا ئەو تاکانە بتوانن شوناسی خۆیان کۆتایی پێنەهێنن، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا؛ بە کۆتایی هاتنی شوناسە کلتوورییەکەی ئەو کۆمەڵە نەتەوەییەش کۆتایی پێ

دێت. ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە، تاک بە تاکی ئەندامانی کۆمەڵێکی نەتەوەیی؛ بەتایبەت چینی لاو و گەنج بەرپرسیارێتی پاراستنی شوناسی نەتەوەییان دەکەوێتە سەرشان. لێرەوە هێما جیاکەرەوەکانی شوناس، کلتوور و باوەڕ و کردە پەرستش، لەگەڵ زمان و جلوبەرگ شێوەو رەنگ بپارێزرێن، ئەوا شوناسی ئەو گروپە دەپارێزرێت، بەو واتایە، شوناس بریتیە لە خودی کۆمەڵە نەتەوەییەکە. لەبەرامبەر تاك ونەتەوە ئەوەی ناوەندی پاراستنی شوناس و نەتەوەیە بوونی قەوارەی سیاسیە ،چونکە لەژێر چەتری دەوڵەتدا زۆرێك لەم هێما و بەهاینە پارێزراودەبێت (شوناس دوو رەهەندە هۆگری بۆ خاک و هۆگری بۆ خەڵک، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ بوون بە دەوڵەت نەتەوە، کاتێک کە سنورەکانی نەتەوە لەگەڵ سنورەکانی دەوڵەت دەبن بەیەک، تا کوێ نەتەوە درێژ بۆوە تا ئەو شوێنەش سنوری دەوڵەت درێژ بێتەوە) [بڕوانە؛ ئێرنێست گێڵنەر ١٩٨٣]. ئێستا ئێمەی کورد لە بەرامبەر هەرشەیەکی بەردەوامداین، لە جەنگێکی کلتووریی بەردەوامداین، بۆ نمونە کاتێک جلوبەرگی نەتەوەیەکی تر دەپۆشی، بریاری خۆتت داوە، خۆویستانە بەشێک لە شوناسی نەتەوەییت لە خۆتدا کوشتووە، لەبەرامبەردا بەشێک لە شوناسی کۆمەڵێکی نەتەوەیی لەخۆتدا زیندوو راگرتووە. ئەگەر بڕیاربێ بە زمانێک جگە لە زمانی کوردی بدوێ بەهەمان شێوە، ئەگەر لە شێوازی مامەڵەتدا بڕیارت دابێت کە لەگەڵ کلتووری خۆتدا ئاشت نەبیتەوە و شانازی پێوەنەکەی، ئەوا کلتورێکی تر بۆت دەبێت بە شانازی، یا شانازی بە کلتووری نەتەوەیەکی ترەوە دەکەیت ... ئەگەر ئەمە دوبارە ببێتەوە بۆ هەموو هێما جیاکەرەوەکانی شوناسی نەتەوەیی، دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە تۆ بوویت بە ئەندامی کۆمەڵێکی نەتەوەیی تر و شوناسی نەتەوەیی خۆتت دۆڕاندووە و لەدەستت داوە، چونکە شوناس دواجار بریتیە ((لە کۆمەڵێك سیماو ئاکارو بەهای کۆمەڵایەتی هاوبەش لە ڕووی سایکۆلۆژیی و کلتووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی و شارستانییەوە)) [موحەمەد،2012 :11].

ــ پەیوەندی نێوان شیعری کوردی شوناسی نەتەوەی

ئەدەبیات و شیعر هۆکار و سیماو خاڵێکی هەرەدیاری شوناس و هەبوونی هەرمیللەتێکەو بۆ خۆسەلماندن و دانپێدانانی نەتەوەیەک و هەبوونی و دیاربوونی لە ناو تەواوی گەلان، هەبوونێکی سەربەخۆییانە، وەک شوناس زمان وئەدەب کاریگەریەکی گەورەی دەبێت. دیارە ڕۆڵی شاعیرانی کورد لە پاراستنی شوناسی نەتەوەییدا دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم دەقی نووسراو بە زمانی کوردی کە ئەویش لە سەرەتادا لای بابا تاهیری هەمەدانی دەبینرێ (کە دوو بەیتەکانی ( چوارینە) بە دیالێکتێکی لوڕی ناوچەیی تێکەڵاو نووسیوەتەو) [ خەزنەدار،٢٠٠١: ١٨٧] .ئەمەش دیالێکتێکی زمانی کوردی یە . نووسین لەو سەردەمە دا بە زمانی کوردی زۆر زەحمەت بووە ، هەم قەدەغە بووە هەم زمانی ئەدەبیات نەبووە بەڵکوو زمانی عەرەبی و فارسی برەویان هەبووە و زمانی ئایین و دەسەڵات بوون. بۆیە هەموو نەتەوەکانی تریش هەر بەو زمانانە ئەدەبیات وشیعریان نووسیوە. کە کوردێک بە زمانی زگماکی دایك شیعر دەنووسێ، مانای ئەوەیە هەستی ئەو شاعیرە بۆ نەتەوەکەی جوڵاوە. کە شانازیکردنە بە شوناسی نەتەوەیەوە ، پاش ئەویش زۆر شاعیری تری بە کوردی شیعریان نووسیوە. .

دوای ئەوانیش ئەو هەستە بەرەو بیر و باوەڕی نەتەوایەتی لای مەلی جزیری - پەرەدەسێنێ .( مەلای جزیری کە شیعری کرد بە کوردی مەبەستی ئەوە بوو بڵێ کورد نەتەوەیەکە مافی ژیانی هەیە، پێویستە ئەدەب و هونەری نەتەوەیی خۆی هەبێ. ئەم ئەدەبە وەکو ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی بێت. چونکە ئەوەیش بە ئایین موسوڵمانە و خزمەتی ئایینەکەشی کردووە) [ خەزنەدار، ٢٠٠٢: ٢٤٧ و-٢٤٨ ].جگە لەوەی کە مەلی جزیری چەند غەزەل و قەسیدەی بەرز

بەزمانی کوردی دەنووسێ، کە زیندوو کردنەوەی زمانی نەتەوەیەکە زمانیش خۆی ناسنامەی نەتەوەیە، ناوی نیشتیمانی نەتەوەکەشی د ەهێنێت کە کەس لە شاعیرانی کورد پێش ئەو ناوی کوردستانی نەهێناوە. لە دیرە شیعرێکی دا دەڵێ: ((گوڵی باغی ئیرەمێ بۆتانم ..... شەب چراغی شەبێ کوردستانم کوردستانم)) [ جزیری، ١٩٧٧: ٥٠٩ ] جزیری بە ناوهێانی کوردستان هێز و توانایەکی تر دەداتە شیعرەکانی و جەوهەری نیشتیمانی و نەتەوەیی ئەکاتە بەر باڵی شیعری کوردی بە چراو ڕووناکی خۆی و شیعرەکانی شەوی تاریکی کوردستان و نەتەوەکەی ڕووناک دەکاتەوە.

دواتر ئەحمەدی خانی لە مەم و زین دا بە دەیان جار ناوی کورد و هاو واتاکەی کرمانج دێنێ. نووسینی (مەم و زین)یش تەنها گێرانەوەی داستانێکی ڕووتی دڵداری نیە وا دەردەکەوێت کە خانی لە نووسینی(٢٦٥٩ ) دێری داستانی مەم و زیندا، مەم و زینی مەبەست نەبووە، تەنیا بەهانەیەک بووە بۆی ، بەڵکو گەڵێك لایەنی تری تیدایە چونکە خانی خۆی دەڵێ:

((شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە ...... زین و مەمی بکەم بەهانە)) [ڕەسووڵ، ٢٠٠٨ :56 ] یەکێك لەو هۆیانەی کە مەم و زینی پێ نووسی بەرزی هزری نەتەوەیی بوو، کە لەم چەند دێرەی خوارەوە دا خۆی دەنوێنێ لە یەکێکیاندا دەڵێ: ((دا خەلق نەبێژیتن کو ئەکراد

بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بنیاد

ئەنواعی میلەل خودان کتێبن

کرمانج تەنێ د بێ حسێبن ))[هەمان سەرچاوە: 52 ]

واتە خانی مەبەستی ئەوە بووە کە خەڵکی پێ دەمکوت بکات، تا نەتوانن بڵێن کورد هیچ مەعریفەتێکیان نیە، نەزان و نەخوێندەوارن، یان ناتوانن هیچ بنووسن. بۆیە خەڵک ناتوانێ مێژووی میللەتێك بسڕێتەوە، ناتوانێ بڵێ کورد ئەسڵ و بنیادی نیە، زانست و زانیاریان نیە. خانی پەیامەکەی ڕادەگەیەنێ و دەڵێ میللەتی کورد وەکو هەموو میللەتانی تر ڕەگەزی بوونی نەتەوەیان هەیە.

لەو قۆناغە مێژووییانەدا ئەدەبیات و بەتایبەتتر شیعر تاکە هۆکارێکی بنەڕەتی بووە بۆ پاراستن و بە ئەرشیفکردن و تۆمارکردن و هەڵگرتن (save ) قۆناغە جیاوازەکانی زمانی کوردی . شاعیرانمان زمانیان وەک چەکێک بەکارهێناوە بۆپرسی نەتەوەیی و خودناسی ودیارکردنی شوناسی نەتەوەی کورد.چونکە زمان هۆکارێکی یەکجار دیارە بۆمانەوە وزیندوێتی گەل و نەتەوە. شاعیری کورد لەرێگەی زمانەوە دەیەوێت وەك کردەیەکی شۆڕشگێرانە، ببێتە ئەو وزە و هێزەی بەرگری لە شوناس بکات و لەگەڵ هەموو ئەویترێکدا کە مەترسییە بۆ شوناس دژ بووەستێتەوە، لە دوای خاك، دووەمین ڕەگەزی پێکهاتەی شوناسی نەتەوەیی کورد، زمانە. زمان هەم دەشارێتەوە و هەم ئاشکرا دەکات. زمان، کورد لە دوژمنانی دەشارێتەوە و خۆیشی لەناو زماندا ئاشکرا دەکات. شاعیران لەڕێکای دەقە شیعرێکانیانەوە توانیویانە، خراپەی دووژمن و نەیاران ئاشکرا و ڕیسوا بکەن، هەر ئەو زمانە یادوەریی و شانازیی و شکۆی هاوبەشی ئەوان ئاشکرا دەکات. ئەم (دوالیزم)ـە وایکردووە زمانی کوردی تووشی چەندین پچڕپچڕی و دابران و پەرتەوازەیی و دابەشبوونی زارەکی ببێت، بەڵام هەمیشە وەك زمانێك ماوەتەوە، کە هەستی کوردەکانی لە پەیوەندیی بە کێشە نەتەوەییەکیانەوە پاراستووە. شەڕی کوردان بۆ بەرگریکردن لە زمانەکەیان لەڕیگایی شاعیرانەوە لە بابا تاهیرەوە بۆ مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی لەوێشەوە بۆ حاجی

قادری کۆیێ و منەوەرانی سەدەی بیستەم درێژ دەبێتەوە. لە هەموو قۆناغەکانی گەشەی بیری نەتەوایەتیدا، زمان وەك ڕەگەز و بنەمایەکی نەتەوەیی دەمێنێتەوە .

**2 ـ شیعری نوێی کوردی**

نوێکردنەوەی شیعری کوردی، هەرچەندە پێشتر لە بارەیەوە نوسراوە، بەڵام لەبەر ڕۆڵ و گرنگیی بابەتەکە پەیوەست بە توێژینەوەکەمانەوە بە پێویستمان زانی هەندێك لە ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعریی کوردی بدوێین. نوێکردنەوە بە گۆڕانی ژیان و کۆمەڵ و شارستانێتیەوە بەستراوەتەوە، ژیان و شارستانیەتی هەموو میللەتێکیش بەردەوام لە گۆڕاندایە و شتی نوێی تێدا دێتە کایەوە. نوێیەکانیش لە هەندێک سەردەمدا زۆر بە کەمی هەستی پێدەکرێت بەڵام لە هەندێ سەردەمی تردا بە گوڕو تەوژم و بە زەقی دیارن بە ڕادەیەک دەبن بە نیشانەی جیاکەرەوەی دووسەردەم لە یەکتری،کە زیاتریش زاراوەی نوێ و نوێکردنەوە بۆ ئەو حاڵەتانە بەکاردێت.

لە مێژووی گەشەو گۆڕانی شیعری کوردیدا دەبینین کە هەر شاعیرێکی ناودار توانیویەتی شتی نوێ بەرهەم بهێنێت، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بەو شێوەیە بوبێت کە گۆڕانێکی بنەڕەتی و هەمە لایەنی لە یاساو دەستورەکانی شیعردا بەرپا کردبێت.

-سەبارەت بە دیاریکردنی پێوەرێک بۆ کۆنی و تازەیی بەرهەمە ئەدەبییەکان، بۆچوونی جیاواز دەبینرێت بە جۆرێک کە ڕەخنەگرو ئەدەبیانی کورد ڕێک نەکەوتوون لەسەر یەک پێوەر،بەڵکو چەند پێوەرێکیان دیاریکردووە.((بەشێک لە بیرو ڕا ڕەخنەییەکان کۆنی و تازەی شیعر دەبەستنەوە بە مەسەلەی کات،واتە کات دەکەنە پێوەری جیاکردنەوەی شیعری کۆن و نوێ و دەستنیشانکردنی چوارچێوەی هەر یەکەیان)) [ سابیر, 2005 :246 ]

لێرەدا دەبینین چەمکی کۆن و نوێ بەستراوە بە سەردەم و کاتی لەدایکبوون و بڵاوبوونەوەی دەقە ئەدەبییەکەوە لەم حاڵەتەدا ئەوەی بۆ ئەمڕۆ نوێیە لە داهاتوودا کۆن دەبێت، چونکە نوێبوونەوە لە سروشتی خۆیدا کردەوەیەکی بەردەوامەو بارودۆخی ژیانیش بەردەوام ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لە سەر دیاریکردنی ئەو ماوە زەمەنیەی، تیایدا دەقەکە بە نوێ یان کۆن هەژمار دەکرێت و ماوەکەش دیاریکراو نیە، چونکە جاری وا هەیە کورتەو هەندێ جاریش ماوەکە درێژە دەخایەنێت.هەر لێرەوە دەتوانرێ بگوترێ ((ئەو شیعرەی ئەمڕۆ نوێیەو سبەی کۆنە...مەگەر ئەو تاک تاکانە نەبن کە نەمرن، ڕەسەنن و هەرگیز کۆن نابن)) [ ڕەنجاو, 1983 :11 ]. بەشێکی تری بیرو ڕا ڕەخنەیەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە دیاریکردنی کۆنی و

تازەی شیعرو دەقە ئەدەبیەکان داو ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە، کە کات دەکاتە پێوەری کۆنی و تازەی دەقی شیعری و ئەمان پێیان وایە کە ((کۆنی و نوێی ئەدەب لەو ماوەیەدا نییە، کە بەسەریا تێپەڕ ئەبێت و لەم قاڵبەیدا نییە، کە ئەکرێ بەبەریا .ئەوەی ئەدەب دەمرێنێ و کۆنی دەکات دوورکەوتنەوەیەتی لە دڵ و دەروونی نەتەوەو ئادەمیزاد،ئەوەی بە زیندوی و گەرم و گوڕی دەیهێڵێتەوە ئەو توانای دەربڕینی هەست و نەستی مرۆڤانەیە کە تیایدایە))[ میراودەلی, 1970 : 8 ].

کەواتە ئەگەربێت و ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبیەکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵگە بێت و دەربڕین بێت لە ڕووە گەش و پێشکەوتنخوازەکەی سەردەم ئەوا هەرگیز گرنگی و بایەخی خۆی لە دەست نادات،هەر وەک ئەوەی محمد فەریق حەسن دەڵێت((ئەدەبی ڕەسەن لە هەر قاڵب و بەرگێکدا بێت هەر ڕەسەنە.زۆری هۆنراوەکانی حاجی قادرو پیرەمێردو بێکەس و دڵدار تاکو ئێستاش تامی تازە دەدەن و هیچ لە جۆش و پلەی بەرزییان کەم نەبۆتەوە،هەر زیندوون)) [حەسەن, 1975 : 7 ]

ئێمە کە باس لە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکەین نابێت جیاوازی نێوان دوو چەمك وزاراوەمان لەیاد بچێت، ئەوانیش چەمکی نوێکردنەوە (التجدید) وتازەکردنەرە (التحدیث) . (سەروەر عەبدوڵا ) بە ڕوونیی جیاوازی نێوان ئەم دوو چەمکەمان لە ناو شیعری کوردیدا بۆ دەکات. بە بۆچوونی نووسەر، (نوێبوونەوە (التجدید ) دیاردەیەکە پێشتر هەبووە . بەڵام بە هۆی کاریگەریی سەردەمەوە پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت، بەشێوەیەکی تر دەگۆڕێت، بەڵام نزیکایەتی لەگەڵ شێوەی پێشتر دەمێنێ. واتا نوێبوونەوە شێوەیەکی شیعرە، پێشتر بوونی هەبووە، هەرچی تازەگەرییە (التحدیث) دیاردەیەکی داهێنەرانەیە لە چوارچێوەی کاتێکی مێژوویی لەدارشتنی هونەرێکی ئەدەبدا. واتا ئەم دیاردەیە لە بونیادو پێکهاتەیدا شتێکی تازەیەو پێشتر شێوەو نمونەی نەبووە، بەکورتی داهێنانە، یان لادانێکی تەواوە لە شێوەی باوی پێشتر) . [عبدالله, 2012 : 20 ] هەرچەندە پێشتر ئەم بۆچوونە لەلایەن (دڵشاد عەلی) موە ،لەلێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی( گۆران داهێنان و نوێخوازی ) [مەحمەد, 2007 : 31] خراوەتە ڕوو. دواتر (حەمە نووری عومەر کاکی)،لە نامەی دکتۆراکەیدا ( شێوازی شیعری نوێی کوردی-کرمانجی ناوەراست 1920-1970) بە پشت بەست بە لێکۆڵینەوەکەی (دڵشاد عەلی) دوو ڕێچکە بۆ شیعری کوردی دەخاتە ڕوو. کە دواجار خۆی لە چەمکی نوێکردنەوە وتازەکردنەوەدا دەبینێتەوە .

جیاوازی نێوان ئەم دوو چەمکە بەرچاو ڕونییە بەرامبەر دیاریکردنی قۆناغەکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی. دیارە ئەگەر بە نمونەیەك هەردوو چەمکەکە بەڵگەدار بکەین بۆچونەکانمان زانستیتر دەبن ، لەمەسەلەی نوێکردنەوەدا پێشتر ئەوە زانرا بە شێوەیەك بوونی هەبووە ، وەکو شیعری عەرووزی کوردی ، یان ئەوەی پێی دەڵێن کلاسیك ،نمونەمان لای مەلای جەزیری هەیە،بەڵام کاتێك نالی و هاوسەردەمەکانی دێن، لەسەر هەمان بنەمای کلاسیکیەت ، کێش عەروزو) و سەرواي شیعر بەشیوەزارێکی تر دەنوسن. ئەمە دەچێتە بەر ڕۆشنایی چەمکی نوێکردنەوە . تازەکردنەوە واتا ئەو شێوەو فۆرمە پێشتر بوونی نەبوە، کەس کاری لەسەر نەکردوە بۆ نموونە تاسەردەمی گۆران و شێخ نوری و ڕەشید نەجیب وپیرەمێرد........تاد. لە ناو ئەدەبی کوردیدا شیعر بەشێوەي کلاسیك دەنوسرا. ئەوان هاتن شیعریان بەشێوەیەکی تر تازەکردەوە، واتا شێوەو فۆرمێکی تازەی شیعر نوسینیان داهێنا ئەمەیان بریتیە لە تازەکردنەوەی شیعر ،دیارە پۆلێنکردنی قۆناغەکانی ڕەوتی تازەکردنەوەی شیعری کوردی بیرو بۆچونی جیاوازی لەبارەوە هەیە. هەلومەرج وگۆڕانکارییە سیاسی وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیریەکانی ناوچەکە وەکو فاکتەرێکی گرنگ کاریگەریان لەسەر پەیدابونی ڕەوتەکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی هەبووە.

سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی قۆناغێکی زۆر گرنگە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا ،چونکە هاوکاتەلەگەڵ دەرکەوتنی مۆدێرنە،ناسیۆنالیزمی کوردی، هەرسهێنانی ئیمپراتورییەتەکانی ئیرانی و عوسمانی و دروستبوونی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست کە تێدا کورد دەوڵەتێکی نەبوو.

((نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوە وپێکەوە گریدراوە، لەبەدوایەك هاتنی رەوتی مێژووی خوێدا گەلێك هەنگاوی ناوە و گۆڕنگاری بەسەرداهاتووە. قۆناغی نوێکردنەوە قۆناغێکی دووروودرێژە چەندین ناونیشانی هەمەجۆری لە خۆگرتووە،هەندێك لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەران تەنات شاعیرانیش تێروانینی جیاوازوهەندێ جار نازانستیانەیان لە بارەی نوێکردنەوەکەوە خستوتە بەردەست، چونکە بە پشت بەستن بە بنەماکانی چەکی نوێکردنەوە هەندێك لە ڕایەکان ناگونجێن و جیاوازن کە ناکری ببنە بناغە وتێروانینەکانمانیان لەسە بنیات بنێن )) [سعدون, 2019 :114 ].

زۆربەی لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی بواری شیعر وئەدەبی کوردی ڕایان وایەکە قۆناغەکانی نوێکردنەوە شیعری کوردی چەند قۆناغێکی جیاواز لە خۆدەگری کە بەکورتی لێرەدا دەیخینەڕوو:ـ

**قۆناغی یەکەم** : سەرەتاکانی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا ، لە کۆتایی سەدەی (19) تا سەرەتای سەدەی (20) دەگرێتە خۆ،کە حاجی قادری کۆیی بەسەرمەشق وبنیاتنەری ئەم قۆناغە دانراوە، کە زۆرێك لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان ئەو ڕاستیە ئاماژە پێدەکەن.لەم ڕوو (فەرنگیس قادری) لە توێژینەوەیەکی زانستیدا بە ناونیشانی (ناسیونالیزم و مۆدێرنیتە لە شیعری کوردیدا: پێداچوونەوەیەك بۆ سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی ) پاڵبشت بە کۆمەڵی بەڵگە حاجی قادری کۆیی بە بنیاتنەری بیری نوێخوازی دەناسێنی لە پاڵ کۆمەڵی شاعیری تردا لەوانە (عبدولرەحیمی هەکاری ، جگەرخوێن ،قەدری جان ، هتد ...) بە دیالێکتی کرمانجی سەروو. و شاعیرانی (، وەفایی، حەمدی، زیوەر ،قانیع،بەختیار زێوەر.....) بە دیالێکتی کرمانجی خواروو.

شیعری نوێی کوردی لە((لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە ڕێگەی بەرهەمی شاعیرانی جۆراوجۆرەوە دەستی پێکردووە و لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە. لە ڕێگەی تاوتوێکردنی لادانی پلە بە پلە لە سیستمی کلاسیکی شیعرو خستنەڕووی زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو پرۆسەیە، لەو باوەڕەدام پاڵنەرەکانی ئەو کۆڕانکارییە شیعریانە لە بنەڕەتدا زیاتر کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون ، تا ئەدەبی. بە بڕوای من شیعری مۆدێرنی کوردی وەڵامێکی جوانیناسی بوو بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە و دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی ـــ سیاسییەکانی، وەك ناسۆنالیزم لە کۆمەڵگای کوردیدا. مۆدیرنیتە و ناسیۆنالیزم، وەك دوو گوتاری زاڵ و سەرچاوە و بزوێنەری گۆڕانکاری، بوونە هۆی هاتنە ئارای ڕوانگە و بەلاغەتی نوێ و پاشان گۆڕانکاری لە ناوەڕۆك، پاڵنەرووشە و ئامرازەکانی بەلاغەت)) [قادری, 2023 : 179 ]. هەرچەندە پێش فەرنگیس قادری هەموو لێکۆڵینەوەکان ئەوانەی کە باسیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی کردووە تەنانەت ڕێبازی ڕۆمانتیکێت کردووە لە ئەدەبی کوردیدا هەموویان پێداگیریان لەسەر (گۆران وشێخ نوری شێخ ساڵح و ڕەشید نجیب هتد...) کە نوێکەرەوەی شیعری کوردین لە ژێر کاریگەری شاعیرانی تورك لەوانە توفیق فکرەت و ڕۆژنامەی سەروت فنونی تورکی یان عوسمانلی ئەم هەنگاوەیان ناوە واتا کاریگەرێکە لە دەرەوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی هاتووە واتا ئەدەبی کوردی یا شاعیرانی کورد بە کاریگەری فاکتەرەدەرەکییەکان ئەم نوێکردنەوەیان ئەنجامداوە. بەڵام فەرنگیس قادری پێی وایە پێش فاکتەرە دەرەکییەکان لە پرسی نوێکردنەوەدا ، کاریگەریەکە لە نێو خۆ هەبوو لە ناو هەناوی ئەدەبی کوردی لە ناو بیری شاعیرانی کورد هەبووە بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی، بیرێکی ناسۆنالیزم و نەتەوەخوازییان هەبووە وەك حاجی قادری کۆیی، بەڵگەشی بۆ ئەوەی حاجی قادری کۆیی نوێکەرەوەی شیعری کوردییە، یان بە مۆدێرنکردنی شیعری کوردیی دادەنرێت، ئەوەیە چەندین زاراوەی و وشەی وەك( تۆپخانە و ڕۆمان و ڕۆژنامە و پەرلەمان و شەمەندەفەر و سوپا و دەوڵەت)ی بەکارهێناوە بە واتا نوێیەکەی، یاخود مۆدێرنەکەی نەك وەك ئەوەی لە پێش حاجی قادری کۆیی بەکارهاتووە. بۆ نموونە وەك وشەی نیشتمان، نیشتمان لای نالی شارەزوورە بەڵام لای حاجی قادر کە دەڵێن نیشتمان نیشتمانەکە مەبەستی کوردستانە کەواتە بیرکردنەوەی حاجی بیرکردنەوەیەکی فراوانترە لە نالی یان کاتێ حاجی قادر کۆیی باس لە مەسەلەی نەتەوە دەکات ، لای نالی یان سالم نەتەوە بریتیە لە شاری سلێمانی بەڵام لای حاجی قادری کۆیی بریتی نییە لە کورد بەڵکو بریتیە لە نەتەوەی کورد . (( ئەگەر لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم کورد خاوەنی کۆمەڵێك شۆڕش بووبێ، ئەوە حاجی قادری کۆییش شانبەشانی شۆڕشگێڕەکان لە ڕیگەی قەڵەم و شیعرەکانیەوە بەشداریەکی گەورەی کردووە و شۆڕشێکی فیکری و ڕۆشنبیری

هەڵگیرساندووە.حاجی قادر لەم قۆناغە شیعرییەدا ، جا بە هەر ناوێك بێت_ قۆناغی کلاسیزمی نوێ،یان قۆناغی ڕووناکیخوازی یان ڕووناکبیری_توانی گۆڕانکاری گەورە بسەر شیعردا بهێنێت بە تایبەتی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە)) [باڵەکی, 2005 : 64 ]. هەر لەم بارەیەوە فەرنگیس قادری دەڵێت: ((من حاجی قادری کۆیی و هەوڵەکانی بۆ ناساندنی ڕەگەزە نوێیەکان (ناوەڕۆك و فۆرم) بە فۆڕمەکانی کلاسیك نەك وەك قۆناغێکی ئینتقالی، بەڵکو وەك پێناسەی مۆدێرنیزاسیۆن دەزانم .من پێم وایە کە باسەکانی کاریگەری ئەدەبیاتی مۆدێرنی تورکی و ئوروپی تا ڕادەیەك زیادڕەوییان تیا کراوە؛ لە کاتیکدا ئەدەبیاتی مۆدێرنی تورکی و ئۆرپیی بۆ قۆناغەکانی دواتری مۆدێرنیزاسۆن ئیلهامبەخش بوون، بە باوەڕی من بزوێنەرە سەرەکییەکانی پشت گۆڕنکارییە شیعرییەکان، گۆڕنکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بوون.)) [قادری, 2023 : 181 ] . هەر لەم چوارچێوەیەدا ، ڕوژنامەی تێگەیشتنی لە ساڵی 1918وەك نوێکەرەوەیەکی شیعری کوردی ئاماژە بۆ حاجی قادری کۆیی دەکات لە ژمارە(23) دەڵێ((حاجی قادر لە شاعیرە موجەدیدەکانی کوردە، خەڵکی کۆیەیە)) [مەزهەر, 1978 : 186 ]. وە لە ژمارە (24)دووبارە سەبارەت بە حاجی قادری کۆیی دەڵێت (( شاعیرێکی بێ نەزیری کوردە،شیعرەکانی زۆر موجەدیدانەیە خۆی (غایەت)میللەت پەروەر،وەك شاعیرەکانی تر بە زوڵف وخاڵەوە خۆی خەریك نەکردووە،هەر لەگەڵ ئیجتیماعیاتی قەومی کورد حەیاتی شیعری رابردووە)) [مەزهەر, 1978 : 188 ].لە ژمارە(25)باس لە جیاوازی حاجی قادرکۆیی دەکات لەگەڵ شاعیران پێش خۆی و دەلێت:((شیعرەکانی لەگەڵ شیعری قودەما فەرقی زۆرە،هەربەیتێکی عالەمی ئیجتیماعیات و ئیسلاحە)) [مەزهەر, 1978 : 191 ].

**قۆناغی دووەم**: قۆناغی دووەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی:(1920_1970)کە سێ ڕێچکە لە خۆ دەگرێت:

_ ڕێچکەی یەکەمی نوێکردنەوە ( 1920-1930)

-ڕێچکەی دووەمی نوێکردنەوە (1932_1970)

- ڕێچکەی سێیەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی.(1970-1990) .

زۆربەی نوسەران لەسەر ئەوە کۆکن کە قۆناغی دووەمی شیعری کوردی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تازەکراوەتەوە، بە دەیان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەنجامدراوە، ناوەڕۆکی چەندین نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای بواری ئەدەبی کوردی بووە. بەکاریگەری شاعیرانی نوێ تورك، هەرچەندە ئەم ڕەوتە کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی وناوەکی هەیە. بە بۆچونی ئێمە لەمەڕ دیاریکردنی قۆناغی دووەمی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە (گۆران) دەستپێدەکات بەڵام بناغەو سەرچاوەی ئەم تازەکردنەوەیە پێشتر بونی هەبوە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد .

لە دوای جەنگی یەکەمی کۆمەڵێك شاعیرو نوسەری نوێخواز سەریان هەڵدا بێزاریان بەرامبەر ئەدەبی تورکی دەربڕی لەئەنجامدا ((شاعیر و نوسەرانی وەکو جەلال ساهیرو تۆفیق فکرەت و هەندێ شاعیری تر توانیان ئەم ئەدەبە سواوە تازەبکەنەوە لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە ئەمیش بە پەیڕەو کردنی ڕێبازی ئەدەبی ڕۆمانتیکیەوە بوو))[ئەحمەد،1969 :63].ئەم شاعیرانە بۆخۆتازەکردنەوە لەشیعر نوسین ئەدەبی کلاسیکی تورکیان وەلاناو هەوڵیاندا کار بەبنەمای ئەدەبێکی تازە بکەن ، کەنزیك بێت لەتەکنیك و شێوازی ئەدەبیاتی ئەوروپی ، بەتایبەت لاساییکردنەوەی شیعری ڕۆمانسی فەرەنسی. لەو ڕێیەوە بۆ گرنگیدان بەڕاگرتنی گیانی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری و گەڕانەوە بۆ زمان و کلتووری تورکی .بۆیە ((لەو

سەردەمەدا بەمجۆرە ئەدەبە نوێیە دەوترا (ئودەبای فەجری ئاتی) کەرێبازێکی نوێیان لەئەدەبدا گرتە بەر و ئامانجە سەرەکیەکەیان بریتی بوولەگەشەپێدانی زمان و ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتیەکان وڕێگا خۆشکردن بۆلاوانی بەهرەمەند بۆپەرەپێدانی تواناکانیان، زۆربەیان شیعری سمبولی فرنسی کاری تێکردبون ))[اوغلو،1983: 50]. بەحوکمی ئەوەی شاعیرانی وەکو (شێخ نوری شێخ صالح و پیرەمێردو گۆران) زمانی تورکیان بەچاکی دەزانی ئاگاداری ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە بوون کە لەتورکیای ئەوکات بڵاودەکرانەوەو شاعیرانی کوردیش لەرێی ئاشنابوون بەم ڕەوتە تازەیە لەشیعرنووسین، ئەوانیش کەوتنە خۆ بۆ نوسین بە شێوەیەکی تازە. (گۆران) لە بارەی تازەکردنەوەی شیعر دەڵێت: ((نووسەرو شاعیرانی ئەوسا بە تایبەتی شێخ نوری و ڕەشید نەجیب و من ، کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی متأسر بووین وە ئەمان نووسی ........ئەدەبی تورکی، قوتابخانەی شیعری تازەی تیا دا پەیدا ببوو کە پێیٚ دەوترا (ئودەبای فجری ئاتی ) لەوانە (توفیق فیکرەت جەلال ساهیر) بوون .... وە ئەدیبێکی تری تورك کە (عبدالحق حامده ) ئەگەر چی لەم کۆمەڵە نەبوو ، بەڵام دیسان هەر پێیٚ متأسر بووین کەوابی هەموومان بەیەکەوە ئەمان روانییە یەك کڵاو رۆژنە))[بیمار،1970: 3].هەرچەندە ئەم قسانەی (گۆران) ئەوە دەردەخەن ،کەلە ساڵی(1920) بەرەو ژوور ئەم شاعیرانە هەوڵی تازەکردنەوەی شیعریان داوە. هەموو ئەدەبیاتی جیهانیش بەرەو تازەکردنەوە دەچوو. هەر لەرێی قسەکانی (گۆران)ەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە،ئەم شاعیرانە ئاگاداری ڕەوتی تازەکردنەوەی شیعری تورکی بوون.

هاوکات نابێت ڕۆڵی (جگەر خوێن) لەبیربکرێت، کەلەساڵی (1932) ئەو کێشانەی دۆزیوەتەوە کە لەشیعری میللی کوردی بەکارهاتوون ناوی ناوە (هەسپ)، هەروەك لەم قۆناغەدا (شێخ نوری) یەکێك بووە لەو شاعیرانەی بەکاریگەری شیعری نوێی تورکی هەوڵی تازەکردنەوەی شیعری کوردی داوە. (گۆران) لەبارەی ئەم شاعیرەوە دەڵێت(( تەنها شێخ نوری شیعرەکانی بڵاوئەکردەوە من بڵاوم نە ئە کردەوە ئەو لەم بارەیەوە نشاگی دەرئەکەوت.......... ئەتوانری بە شێخ نوری بووتریٚ سەرۆك بە هۆي :

1) زۆری بەرهەمی.

2) بلاوکردنەوەی بەرهەمەکەی، کە بیگومان تەئسیری ئەبەخشی یە ئەدەبی کوردی))[بیمار،1970: 3].لێرەوە ڕۆڵی (شێخ نوری) و چالاکیەکانی لەبواری بڵاوکردنەوەی شیعر دیارو بەرچاوە.بەڵام زۆر لە نوسەران لەگەڵ ئەوەدان کە(گۆران) بەسەر ئامەدو دەستپێشخەری ڕەوتی تازەکردنەوەی شیعری کوردی دادەنرێت. لەم بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:((بەهەرەو ڕادەی ڕۆشنبیری گۆران هۆیەك بووە کە بەم جۆرە ببێ بە ڕابەری نوێکردنەوەی شیعری کوردی بەهرەکە هەر لەسەرەتاکانی منداڵی لای گۆران بەرچاو دەکەوێ، کە دەستی یاخود خولیای نووسین بووە بە ڕادەی ڕۆشنبیریەکەشی لە زانینی ئـــەو چەند زمانانەو زانینی چەند شێوەزارێکی خـــودی و خستنەبەردەست چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی ئەدەبی پێدەوڵەمەندتر کرد ئەمانە بوون کەگۆران زۆر بەووردی وبەشێوەی هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ کردن و بوو بە ڕابەری ئەم نوێکردنەوەیە))[کریم، 1977: 63]. هەرلەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵی شاعیری تر ڕۆل و کاریگەریان لەم ڕەوتە نوێی شیعردا هەبوو لەوانە:- (پیرەمێرد و عبدالرحمان بەگی نفوس و دڵدارو زیوەر و فایق بێکەس و بەختیار زیوەر و هتد.....)

**بەشی دووەم**

**دەرکەوتنی بەها نەتەوەیەکان لە شیعری نوێی کوردیدا**

بەها نەتەوەییەکان وەك شوناسنامەی نەتەوەیی لە شیعری نوێی کوردیدا. بۆتە هەوێن و کەرستەی شیعریی، کە شاعیرانی نوێکەرەوە دەقەکانیان لەسەر بنیاتناوە و هەر شاعیرەو بە ئاڕاستەیەك لەم مەیدانەدا بۆتە شێرە سوار. کە ئامانجی لێی پابەندبوونی شاعیرە بە شوناسە کوردیکەوەی، کە لێرەدا بەکورتی لە چەند تەوەرێکدا دەیخینە روو.

**یەکەم : شەهید وەك سیمبۆلی گیانبازی و فیداکاری**

شەهید لە شیعری نوێی کوردی، وەك بەرزترین پلەی فیداکاری و خەباتگێری و تێکۆشان جەختی لێکراوتەوە، بابەتی گیان بەخشینی ڕۆڵەکانی گەلی کورد کە هێمای دەرکەوتەی شوناسی نەتەوەیی کوردە، بۆتە هەوێنی بیروهزری شاعیرانی ئەو قۆناغە چونکە (شەهید) ((ئەوانەن، کە بە گیانی خۆیان شاهیدیان لەسەر ڕەوای دۆخێك، یان ڕووداوێك داوە، واتە ئەوەندە ئامانجەکەیان گرنگ بووە، بە وشە نەتوانراوە بگوترێت، یان گوتویانە گوێیان لێنەگیراوە، دواجار گیانیان سپاردووە و بە (شەهید) ناویاننراوە و لە لایەن میللەتەوە بە شکۆوە ناودەبرێن.))[عەلی و حەمەحسێن،2021: ٢٧ ]. پیرەمێردی شاعیر پێی وایە خوێنی شەهید شوناسی نەتەوەیەکە وەك شەفەق وایە هێندە بە شەوقە وەك مانگ بەسەر وولاتدا دەدرەوشێتەوە،لە مێژووی میللەتاندا ڕووی نەداوە کچان سنگی خۆیان بدەنە بەر گوللە لە پێناو ئازادیدا، شەهید نامرێت ئەوان بە تەنها جەستەیان لای ئێمە نەماوە،لەبەرامبەردا ڕۆح و کاروکردەوەو فیداکارین بەردەوام لەگەڵماندایە وسەربەرزانە دەژین هەربۆیە، لە شیعری نەورۆزدا دەڵێت:ــ

| | |
|---|---|
| وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە | خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە |
| تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا | قەڵغانی گوللـە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا |
| پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین | نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین |

[ پیرەمێرد، 2007: 109 ]

بێکەس لە شیعری (قەومی کورد)دا، باس لە نەتەوەی کورد دەکات کە مل نادات بۆ دوژمن ،مردنیان پێی باشترە لە زەلیلی ، هەربۆیە ئامادەن شەهیدبن لە پێناو سەربەستی خاك و وولاتدا بچنە بەردەم سێدارە تا بەسەربەرزی شەهیدبن و ژیان ئاوایبکەن کە ئەمە شوناسی نەتەوەی کوردە، بە بۆنەی هاتنەوەی لاشەی چوارئەفسەرەکەی بۆ سلێمانی دەڵێت :

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین

میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین

میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان

بێتە بەر سێدارە، بێ ترس، دەم بەخەندە و پێکەنین

قەومی وا نامرێ، ئەژێ، با دوژمنی هەر شەق بەرێ

ساحێبی ڕۆڵەی نەبەردە؟ خاوەنی عەزمی مەتین

ئەو کەسەی گیانی لە ڕێگای نیشتمانا بەخت ئەکا

پێی مەڵێن مردوو، شەهیدە وا لە فیردەوسی بەرین [بێکەس،2003: 14 ]

گۆران پێوایە گیانبازی و فیدکاری و گیان بەخشین لە پێناو گەل وخاکدا، سیمای هەردیاری شوناسی ڕۆڵەی کوردە، تەنانەت لە پێناو مافی ڕەوای گەلەکەیدا ئامادەیە مانگی هەنگوێنی بکاتە قوربانی و شەهید بێت. وەك دەڵێت :

بڵێ بەو بووکی تازەی یەك شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم!

نەڵێ خۆی بۆ وطن کوشت و لەرێی عەشقی منا نەژیا ..

وەظیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەر بەخشم !

کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا! [گۆران، 1980: 267 ]

**دووەم : نەورۆز وەك جەژنی نەتەوەی کورد .**

نەورۆز، وەك جەژنێکی نەتەوایەتی گەلی کورد، پانتاییەکی بەرفراوانی لە شیعری نوێی کوردیدا گرتووە، ئەم جەژنە بۆتە سیمبولێك بۆ گەلێکی ستەمدیدە، شاعیرانی کورد لەم ڕێگایەوە دەیانەوێت شوناسی نەتەوەیی کورد هەمێشە بە زیندوێتی ڕابگرن هەر بۆیە، پیرەمێرد لە ڕۆژنامەکانیدا هەولی دا ماکە شوناسنامەیەکانی وەک زمان، کلتوور، مێژوو، داب و ڕەسمەکان و ... بناسێنێ و زیندوویان کاتەوە، دیارە نەورۆز هەر لە دێر زەمانەوە لە نێو کورداندا بۆنەیەکی پیرۆز و گرنگ بووە، بەڵام پیرەمێرد هەولێدا ئەو بۆنە گرنگ و پیرۆزە، بە جۆرێك بێت وڵات داگیربکات. هەر بۆیە لە سەرەتادا بە نووسینی چەند شیعر بۆ بەهار و نەورۆز ڕچەیەکی کردەوە و دواتر بە هۆی ڕووداوێکی سیاسییەوە بە دانانی "سروودی بە هێزی نەورۆز" کە زیاتر لە سەد ساڵە دەگوترێتەوە و هیچ کوردێک نییە نەیبیستبێ و نەیزانێ، لە ڕێگای زمانەوە ئەو بیرە قووڵەی خستە مێشکی خەڵکەوە و دواتر لە پانتای کۆمەڵایەتیشدا هەوڵیدا لە شاری سلێمانی بە دیاریکردنی شوێنی تایبەت و ڕێوڕەسمی تایبەت و گەورە و جەماوەری لە "کارێزی وەستا شەریف" و "گردی مامەیارە" ئەو بۆنەیە بە شێوەیەک زیندوو کاتەوە کە هەموان تێیدا بەشدار بن و بە خوێندنی سروودی نەورۆز وەک یەکێک لە خاڵە شوناسنامەیەکانی نەتەوەی کورد ساڵ لە گەڵ ساڵ بەهێزتر و دەوڵەمەندتر بکات. بەم شێوەیە لە نەورۆز دەدوێ :

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە، هاتەوە جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکوو پار هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە

وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا قەڵغانی گوللـە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

sjh@univsul.edu.iq

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

[ پیرەمێرد، 2007: 109 ]

نەورۆز وەك جەژنێكی نەتەوایەتی كۆنی كورد لای (شێخ نوری شێخ سالح) بە جۆرێكە، دەبێت ئاگری نەورۆز لە ناو هەست و دەروونی تاكی كوردە بچێنرێت، ئاوی دیجلەو فوراتیش نەتوانن بیكوژێنەوە، نەورۆز دەبێتە بابەتێكی ڕۆحانی لای شاعیر.دەبێت لە پێناو نەورۆزدا بسووتین، چونكە شوناسنامەی نەتەوایەتیمانە،بۆیە دەڵێت :

ئاگری نەورۆز بە شاپڵیتە و پەڕۆ ناكرێتەوە زوو ببێتە خۆڵەمێش و تینی دابمرێتەوە

ئاگری نەورۆز، بە گیان و دڵ ئەبێ وا خۆش كرێ گەر بەخوڕ دیجلە وفوراتی بێتە سەرنەكوژێتەوە

هاتوو گەر شێتانە مەنعی جەژنی نەورۆزت كرا لازمە گیانت بە مەردی بیخەیە ژێر پێتەوە

دەست وپێ، ئێسكی شكاو، چیلكە وچەوێڵی چاوگە بێ لاشە هەروەک داری «زەنگەقلیشە» کۆبكرێتەوە

خوێنی لاوان نەوت و بەنزین بێت و بڕژێتە سەری كڵپەیەكی وا بسێنێ شەوقی دانەمرێتەوە

پیاو بزیڕێنێ وەكوو شێری ژیان هەڵمەت بەرێ ژن بە دەوری ئاگرا بگرێ و بلاوێنێتەوە

[ شێخ نووری، 2008: 482 ]

بۆ هەمان جەژنی نەتەوەیی (ع.ع.شەونم)، نەورۆز دەكاتە منبەرێك تا لە ڕێگایەوە داوای ئازادی بۆ گەل و نیشتمان بكات و ژیانی ژێر دەستی و دیلی ڕەتبكاتەوە، شانازی بە سووتانی خۆیەوە دەكات لە پێناوە هاتنەدی خۆری هیوا بۆ گەلی كورد، كە ئەمەش خۆدی شوناسی نەتەوەی كوردە،هەروەك، دەڵێت:

جەژنە جەژنی كوردستانە، جەژنی نەورۆزە بە تیشكی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە

چاوگی ئاگر هێز و گیانمە باوەڕی بەرزی كوردستانمە

سەیری كەن، سەیری كەن، سەیری كەن شاخ و دەشت و شار وگوندم تاوی سەندووە

گۆڕی مەرگی دوژمنانم لێ هەڵكەندووە پڕ بە دەم بانگ ئەكەم سەربەستیم ئەوێ

كوردستانم جێی شێرانە ئەبێ سەركەوێ

مایەی شانازیمە بسووتێم و نەمێنم بە ڕووناكی لەشم پەردەی شەو ئەدڕێنم

[ شەونم، 2007: 482 ]

**سێهەم : شانازیكردن بە زمانی كوردی وەك شوناسی نەتەوەیی .**

دیارە یەكێك لە شوناسەكانی نەتەوە زمانە، هەر بۆیە شاعیرانی نوێكەرەوەی شیعری كوردی زۆر بە شانازییەوە، ئەم بابەتەیان لە شیعرەكانیاندا وروژاندوە ، هەر بۆیە دەبینین، لە هزری نەتەوایەتی حاجیدا زمان و وەتەن یان نیشتمان بۆ هەستی هاوبەش لە سەروو هەموو پەیوەندییەكەوە دێت حاجی قادر بێئاگا نەبووە لەوەی كە زمان چ دەورێكی هەیە لە پێكهاتەی نەتەوەدا و تەنانەت زمانی نەتەوەیی دەبێت بە بەشێک لە ئەخلاقی كۆمەڵایەتی و پێی وایە ( ئەگەر كوردێک قسەی بابی نەزانی (موحەققەق داكی حیزە بابی زانی). جەخت دەكاتەوە ئەگەر كتێب و دەفتەر و تەئریخ و كاغەز بە كوردی بنووسرایە

زمانەکەی دەبووە هۆی مانەوە و نەمریی کورد و مێژووەکەی (حاجی، ١٥٢–١٥٣). بەم جۆرە زمان دەبێتە پێناسەیەکی زۆر گرنگی کوردبوون [نەبەز، ١٩٨٦: 9] حاجی، کوردی بە زمانی حەق دەزانێت، بەڵام چونکە کۆ نەکراوەتەوە، بەرەو لەناوچوون چووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکانی تر بە زمانی کەچ و خەتی خواریان چوونەتە ڕیزی نەتەوە گەورەکان و خەریکە خۆیان بە دەوڵەتیش لە قەڵەم بدەن:

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی موحەققەق داکی حیزە، بابی زانی

وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی

سەلاحەددین و نوورەددینی کوردی عەزیزانی جزیر و مووش و وانی

موهەلهەل، ئەردەشێر و دەیسەمی شێر قوباد و باز و میری ئەردەلانی

ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت لەبەر بێدەفتەری ون بوون و فانی

کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی

مەلا و شێخ و میر و پادشامان هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی [میران وشارەزا،1390: 152 ]

دواتر (پیرەمێرد) بێ دوودڵی لەم شیعرەدا، کە دەڵێت: (ئێمە کە کوردین لامان وایە)، بە دەسپێکی ناسنامەو شوناسێکی بەهێز دەستپێدەکات . وەک کورد هەموو بڕوامان بە ئەوە هەیە، کە ( زمانی کوردی زۆر بێهاوتایە)، واتە هاوتای لە جوانی کۆنی و خاوەن شارستانیەتدا کەمە، پاشان ئەم ڕایە بە شیعر دەسلمێنێت دەڵێت: (لاوکی کوردی، دەنگی زەبورە)لاوک نەواتێکی گۆرانی ڕەسەنی کوردییە، کە دەنگی لاوک وەک پەیامهێنەر/ پێغەمبەر (داود:د.خ)، چەند بە دەنگ خۆشییەوە کتێبی زەبوری خوێندەوە، ئەم پەیامبەر بەدەنگخۆشی بە ناوبانگە، مێژووی کوردیش بە لاوکی خۆشخوێن پارێزراوە و نوسراوەتەوە لە سینە و زمانی کوردیدا، زەبور بە پێی هەندێک ڕا بە واتای (نوسراو/ نوسراوی خوای گەورە) هاتووە، واتە پیرۆزی بە زمان و شوناسی کوردی دەدات، چونکە زمانیش وەک زەبور نیشانەو بەڵگەی دەسەڵاتی خوای گەورە، دەبینین هەستی کوردایەتی شاعیر هێندە شوناسی بەهێزە، لاوک و بابەتی ئاینی وەک : داود د.خ، زەبور، چواندووە ئەمەیش هێزی و جوانی زمان و ئاوازی خۆشی زمانی کوردی لە شیعرەکەدا دەخاتەڕوو، دواتر باسی (جەنەت مەئوا) دەکات، واتە پەناگەیەک/ بەشێک لە بەهەشت دەگەیەنێت، وشەی جەنەت: دارودرخت جۆگە ئاو زەوی سازی دەگرێتەوە، جەننەت مەئوا، کە دەگوترێت، شوێنی گیانی شەهیدانە، یان شوێنی گیان/ ڕۆحە پیرۆزەکانە، ڕا جیای هەیە لە ڕاڤەی ئەم پەناگە بەهەشتییەدا، بەڵام شاعیر شارەزوور و دەشتی شارەزور بە پەناگەیەک لە بەهەشت دەچوێنێت، واتە هەم زمانەکەمان و هەم خاکەمان جوان پیرۆزە و ئەمەیش بەهای زمان و جوانی شوێن کە بەشێکی گەورەی شوناسن لە شیعرەکەدا دەردەخرێن. کاتی شاعیر دەڵێت:

ئێمە کە کوردین لە لامان وایە

زوبانی کوردی زۆر بێ هاوتایە

لاوکی کورد دەنگی زەبوورە

جنه المأوی لە شارەزووره [ پیرەمێرد، 2007: 326 ]

هەر وەك چۆن دڵدار ئەی ڕەقیبی بە هەستێکی زۆر کوردانە نووسیووە، لە ژێر کاریگەی هەستی ناحەزاندا کە هەوڵیانداوە، ئەم نەتەوەیە بچەوسێننەوە، ئازاری بدەن، بۆیە لە ڕێگەی (ئەی ڕەقیب: ئەی چاودێر/ ناحەز)ەوە، دەستپێدەکات، دەڵێت: ئەی ناحەزی مرۆیی تا ئێستا ماوە گەلێک کە بە کوردی قسەدەکات، کە ئەو بە کوردی قسەکردنە بەدڵی تۆی ناحەزی مرۆیی نییە، لە ئەی ڕەقیبدا، پیشەی شاعیر کە پارێزەرە ڕەنگیداوەتەوە، ئەویش بەرگری دروستە لە دۆخێک، زمانیش هەم یاسایی و هەم مرۆییە و ناسنامەو ناسێنەرو نیشانەی نەتەوەوەی کوردەوە لێرەوە شاعیر ڕەقیب ئاگادار دەکاتەوە، کە ناتوانن نەتەوەو زمانی کوردی لە ناوی ببەن، کەواتە ئەم پرسی شوناسنامەیی دڵدار کە وروژاندوویەتی زۆر وردە. وەك شاعیر دەڵێت:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان

نایرمێنی دانەیی تۆپی زەمان [ دڵدار،1985: 174]

چوارەم : شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی وەك کەرەستەی ڕاپەڕین وبەرنگاری بە گژداچوونەوە .

بابەتی نیشتمانی و نەتەوەیی یەکێکە لە سیماکانی شیعری نوێی کوردی بۆیە شاعیران لە شیعرەکانیاندا جەختیان لەسەرکردووەتەوە خەبات و بەرەنگاری و هەڵوێست وەرگرتن لە شیعری نوێی کوردیدا دوانەیەکی لە یەك دانەبڕاون، لای تاك و شاعیری کورد بۆتە شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی، سەرچاوەی ئیلهامبەخشیی ئاراستەی بیرکردنەوەیانە. شاعیرانی کورد لە ڕێگای شیعرەکانیانەوە هەوڵیانداوە هانی جەماوەربدەن بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین دژی دوژمنانی گەلی کورد، لەم ڕووەوە شاعیران ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، بگرە لەوەش زیاتر خۆیان بوونەتە سەرمەشق و ڕابەری ئەم کاروانە.

حاجی قادر کۆیی لە پێناو دووبارە پوژاندنەوەی شوناسی تەتەوەیدا، داوای سوپایەکی مۆدێرن دەکات کە خاوەن تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوایی بێت، وا نەبێت زۆر ئەستەمە سەربەخۆی کورد بێتەدی. لێردا هەمان تێروانینی(نیکۆلۆ میکاڤێللی)هەیە، کە (دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بەستبووە بە بوونی "میرێکی" بەهێز و سوپایەکی یەکگرتوو ) [مەکیاڤیللی، ١٩٨٢، ١٣٩ و ١٥٠]. حاجی پێی وایە دەبێت ئاراستە خەبات بگۆڕدرێت بە خەباتی چەکداری و بەکارهێنانی هێز تا دوژمنانی گەلی کورد،شوناسی ئازایەتی و فیداکاری کورد بناسن وەك دەڵێت:

سەلاحی ئێوە ئێستاکە سیلاحە

تەماعی گەورەیی بێ چەك نەکەن چاکە [میران وشارەزا،1390: 79 ]

حاجی پێیوایە پاراستنی شوناسی نەتەوەی، لەسەربنەمایی پلان وراوێژ وخۆسازدان دەبێت بە پەیداکردنی کەرەستە جەنگ، دەڵێت:

جۆشێك بدەن وەکوو هەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ

ئەسبابی شەڕ پەیدا بکەن تۆپ و تفەنگ و هاوان [میران وشارەزا ،1390: 96 ]

حاجی پێیوایە لە سەردەمی مۆدێرندا دەوڵەتی پایەدار لەسەر بنەمای عەقڵ و هێز دادەمەزرێت و بە (شیر و خامە) ،کە خۆدی خامە و شیر دوو کەرەستەی زیندون کە هاوەڵ و هاورێی نەتەوەی کورد بووەبۆ پاراستنی شوناسەکەی، ودەڵێت :

بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە ئەمن خامەم هەیە و شیر نادیارە

[میران وشارەزا،1390: 31 ]

سەیف و قەڵەم شەرێکن لەم عەسرەدا،درێغا

شیرم قەڵەم تراشە وکالانییە قەڵەمدان [میران وشارەزا،1390: 32 ]

یەکێک لە دیارترین شیعرەکانی بێکەس "بیست وحەوت ساڵە" وەک مانیفێستی بەرەنگاری و شوناسی نەتەوەیەک ، دەمبەدەم هەتا ئێستاش دەوترێتەوە و پڕە لە هەستی نیشتیمانپەروەری و خاڵی جیاکەرەوەی بێکەس ئەوەیە ئەم شیعرە لە ئاهەنگی نەورۆزدا و ڕۆژی ماڵئاوایی لەبەردەمم (ئیدمۆندز)نوێنەری بەریتانیا دەخوێنێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاپەڕین و جۆش و خرۆشاندنی جەماوەرەی شاری سلێمانی و بەڕێکەوتن بۆ بەردەرکی سەرا،بێکەس ڕاستەوخۆ پێناسەی شوناس و فیداکاری تاکی کورد دەکات، لێرەوە (ئەوەندەی ئیدمۆندزحاکمی ئینگلیز, لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی بێکەس ترساوە, یان سڵەمیووەتەوە ئەوەندە لەبەشێکی هەرە زۆری سەرکردە کوردەکان نەسڵەمیووەتەوە, چونکە ئەو ڕاستییەی لا دروست ببوو، کە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکان گەلێك کاریگەرترە لە بۆچوونی ئەو سەرکردانەی، ئاستی بیرکردنەوەیان لەڕووی مەعریفی ورۆشنبیری وفیکرییەوە هێندەی شاعیران نەبوو.بەمەش ئیدمۆنز دەیتوانی سەرکردەکان قایل بکات, بەڵام شاعیرانی پێ قایل نەدەکرا. ) [ السندی،2002: 165-174 ] کاتێك دەڵێت :

بیست و حەوت ساڵە من ئەڕەتێنی بە فڕ و فیشاڵ ئەم خەڵەتێنی

ڕۆژی نەوعێکم هەڵ ئەپەڕێنی بۆ مەرامی خۆت ملم ئەشکێنی

کە ئێشت نەما وازم لێ دێنی

گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟! بۆ چی بەناهەق وا سووکت کردم؟! [بێکەس،2003: 32 ]

گۆران پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە، گەلی کورد ئاوڕێك لە شوناسی خۆی بداتەوەو لە خەو ڕاپەڕێت و دەڵێت: "تاکەی ئەم گەلە بە پەسستی و پەستیی بژی و ناکۆك بن لە نێوان خۆیاندا". هەر بۆیە شاعیر داوای ڕاپەڕین و بەرنگاربوونەوەی و پەلاماری دوژمنان دەکات و دەڵێت:

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین! هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژین؟
بە لادا بکە چاکی مەردایەتی، درێغی مەکە گیان لە کوردایەتی،
بگرمێنە وەک شێر، بچۆ ناوی بەرد، بڵێ: کوا هەقی ژینی ئینسانی مەرد؟
درشت تاکوو ورد، نەکەین دەست و برد،
بە هەق چۆن ئەگەین؟ پشوو چۆن ئەدەین؟

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین! هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژین؟ [گۆران،1980: 403]

sjh@univsul.edu.iq

دڵداریش لە شیعری( ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان). لوتکەی ناسونالیزمی کوردی بەرجەستە دەکات ،پێمان دەڵێت ئەمەشوناسنامەی نەتەوەی منە. یان لە شیعری(ئەی کورد)دا، داوای ڕاپەڕین و بەرنگاری دەکات لە پێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەیدا و ڕەخنە لە داگیرکەر ودەسەڵاتە ستەمکارەکان دەگرێت و دەڵێت:

ئەرێ ئەی کورد لەنێو گەلدا هەتا کەی مات و داماوی؟

که عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی

دەسا بیرێ لە حاڵی خۆت بکە و هەستێ بە زیللەت کە

بەڵێ دوێنێکە ڕاوکەر بووی و ئێستاکە بە خۆت ڕاوی

کەمەر بەستن لەنێو گەلدا بناغە و پێشڕەوی ژینە

بە تیری کینەیە ئەمڕۆ لە ژینا فەوت و کوژراوی

دەسا هەڵسە بە هوشیاری نەفەوتاوی بە یەکجاری

لەنێو بەندی موعەزەب دائەمینێی قوربەسەر ماوی

[ دڵدار،1985 :191]

پێنجەم : شیعر وەك پەیامی هۆشیاریکردنەوە 1) زانست وخوێندن.2 ) ئافرەت ویەکسانی

هۆشیاری و دنیابینی شاعیر لە بەرامبەر گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئابوورییەکان....هتد . خەسڵەتێکی تایبەتی شیعری نوێی کوردی بووە. شاعیران بە ورياییەوە لە هەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد. هەر بۆیە ئەم پەیامە لە شیعری شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە. لێرەشەوە دەبینین (حاجی قادری کۆیی) جەخت لە بابەتی خوێندن و نووسین وەرگێڕان دەکاتەوە، دەیەوێت لێرە بەدواوە شوناسێکی تر بۆ نەتەوەی کورد دەستەبەر بکات، لەپێناو هۆشیارکردنەوەی گەلی کورددا، بە چارەسەری دەردی دواکەوتووی دەزانێت. باس لە بایەخی وەرگێڕان لە زمانە بیانییەکانەوە دەکات و کورد هان ئەدات بۆ وەرگێڕانی بابەت لە زمانە ڕۆژئاواییەکانەوە تا کورد لەم زانستە گرنگ و پربایەخە بێبەش نەبێت، حاجی دەڵێت تەنیا کوردە کە بیری لە وەرگێرانی کتێبە بیانییەکان نەکردووەتەوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تا بایەخ و بەهای نووسین و خوێندن نەزانێت. لە ڕوانگەی حاجییەوە وەرگێڕانی کتێبە بیانییەکان ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کورد و کۆمەڵگەی کوردی فێری ڕێزلێنان لە کتێب و بایەخداربوونی نووسین و خوێندن دەکات:

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت

بێگانە تەرجەمەی زوبانی ئەسراری کتبی خەلقی زانی

یەکسەر عولەما درشت و وردی ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی

ئوستادی خەتن لە ئەم سیانە وەك دی لە زوبانی خۆی نەزانە

[میران وشارەزا،1390: 230 ]

ئەوەتا (بەختیار زێوەر)یش نەتەوەی کورد هۆشیار دەکاتەوە داوایان لێدەکات وەك برایەك، لە خەو هەستن کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی لە گۆڕنێن لە پێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەییماندا . سەردەم سەردەمی خوێندن و زانست و هونەرە، دەبێت گرنگیی پێبدرێت و لە پێناویدا تێبکۆشێن چونکە هەربەم ئاراستەیە نیشتمان ڕزگاری دەبێت، دەڵێت :

براینە! لە خەو هەستن، بەیانە      زەمانی هەوڵ و علیم و حوڕ ژیانە

هەموو قەومێ بە دائیم تێ ئەکۆشن      لە ڕێگەی عیلم و فەندا دڵ بەجۆشن

ئەرێ کوردی فەقیر و بێکەس و غەم      هەتاکەی زەهرەی نادانی ئەنۆشن

*.براینە*      [بەختیار،2008: 20 ]

وەتەن پڕ لەشکری جەهلە ڕەفیقان      دەری کەین با بە هۆردووی عیلم و عیرفان

شاعیرانی نوێکەرەوە بە جۆرێك لە ئافرەتی کورد دەڕوانن، کە مافیان وەك ڕەگەزی بەرامبەر ، (پیرەمێرد) لە شیعری( ئەی کچینە وەرنە مەکتەب )دا، پێیوایە ڕۆلەکانی نیشتمان لەسەر دەستی ئەوان پەروردە دەکرێن ،هەربۆیە داوا لە کچان دەکات بخوێنن و بچنە قوتابخانە، تا دوارۆژ، نەوەکانی نیشتمان خوێندەوار دەرنەچن، چونکە ئەمان دایکی نیشتمانن و خاوەنی شوناسن، کاتێ دایك خوێندەواربێت، گرنکیی بە خوێندنی ڕۆڵەکانی دەدات و نەتەوەش شوناسی خوێنەواری پێی دەبەخشرێت و دەڵێت:

تازە ئێمە تێگەیشتووین      دایکی چاکی خوێندەوار

نەسلی وا دێنێتە مەیدان      قەومەکەی پێ بێتە کار

تا دەڵێت :

هەر کچانی خوێندەوارە      میللەتی پێ سەرکەوێ

تەربییەی منداڵ هیوایە      پێشڕەویمان بەرکەوێ [ پیرەمێرد، 2007: 326 ]

(فایق بێکەس)لە شیعری( نسرین)دا جەخت لە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکاتەوە هەیەوەك بەشێك لە دەرکەوتەکانی شوناسی نەتەوەییمان ، داوا لە کچان دەکات، بخوێنن و شانبەشانی پیاو کاربکەن و خزمەتی نیشتمانەکەیان بکەن، واز لە کۆمەڵێ نەریتی کۆنەپەرستی بهێنن، بێ شەرم بێنە ناو دنیای زانست و خوێندنەوە ،شوناسێکی سەردەمیانە بۆ نەتەوە تۆماربکەن و دەڵێت :

مەڵێ من کچم، تۆش وەکوو منی

موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی

مەجبووری ئیش و خزمەت کردنی

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێده چ وادەی شەرمە [بێکەس،2003: 66 ]

شەشەم : شیعر وەك پەیامی یەكێتیی و یەكبوون

حاجی قادری كۆیی، وەك كوردێكی دڵسۆز و هەستكردن بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر پاراستنی شوناسی نەتەوەییدا، داوای یەكگرتن و ڕیكەوتن دەكات لە نێوان تاكەكانی گەلی كورددا لە هەموو تیرە وهۆز و سەرۆك عەشیرەتەكان ، تا بتوانن لە ڕێگای یەكبوونەوە دڵسۆزانە هەنگاو بنێن بەرەو سەربەخۆیی لە ژێر دەستی داگیركەر ئازادبن، وەك تەواو میللەتانی گەورە و بچووك، كوردیش خاوەن شوناس وسەركردەو فەرمانڕەوای خۆی بێت . وەك دەڵێت:

تاڕێك نەكەون قەبیلی ئەكراد هەروا دەبنە خەرابە ئاباد!

ئەنواعی میلەل لە گەورە تا چووك خەمڵیوە مەمالیكی وەكوو بووك

یەك بەرگن ویەك زوبان و یەك ڕەنگ بێ غەیبەت و عەیب وعار و بێدەنگ

[میران وشارەزا،1390: 200 ]

لە بەرامبەردا( زێوەر)ی شاعیر دووبارە شوناسی نەتەوەیی كورد لەسەر هەمان ڕێچكەی حاجی قدری كۆیی لە یەكێتیی و یەكبوون دەبینێتەوە، وەك لە هۆنراوەی (ئەی كوردینە)دا دەڵێت:

ئەی كوردینە ئەی مەردینە با دەست لەناو دەست كەین هەموو

بۆ بەرزییەتیی خاكی وەتەن بۆ یەكیەتی بچین هەموو كوردین هەموو

بێ كەس نییە دایكی وەتەن ئێمە فیداكاری ئەوین

تا كورد لە عالەم دەركەوێ بۆ یەكیەتی بچین هەموو كوردین هەموو [زێوەر،2003: 171 ] .

بۆ هەمان مەبەست (فایەق بێكەس) لە چەندین شوێندا داوای یەكبوون ویەكێتیی لەڕۆڵەكانی كورد دەكات، یەكێتی و یەكبوون بە تاكە چارسەر دەزانی بۆ خۆ ڕزگاركردن لە دوژمن و داگیركەر و پاراستنی شوناس و سەربەخۆیی بۆ گەلی كورد، ئەو پێی وایە بەهێزی دووژمن لە ناكۆكی و یەكنەبوونی كوردە، ئەگەر كورد یەك دەست و یەك پەیام و یەك ئامانج كۆیان بكاتەوە، زەحمەتە دووژمن بتوانی زەفەری پێی بەرێت گەر خاوەنی تۆپ و تەیارەش بێت، لەم ڕووەوە دەڵێت :

قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەییارەی هەیە

ئیتفاقتان گەر هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی ڕاگرێ [بێكەس،2003: 38 ]

بێكەس بەردەوام ئامۆژگاریی میللەت دەكات و جەخت لە ئیتفاق ویەكگرتن دەكاتەوە وەك بەشێك لە دەركەوتەكانی شوناسی نەتەوەی كورد و بە دەرمانی دەردەكانی دەزانی و دەڵێت:

ئیتفاقێ گەر نەكەی، لەم جەهلە خۆت ڕزگار نەكەی

پاشەڕۆژت قەڵبە بەخوا، عەیش و نۆشت زارییە

مەرهەم و دەرمانی دەردت ئیتفاقە ئیتفاق

دوو دڵی مێقرۆبە، خزمە، عیللەتێکی کارییە [بێکەس،2003: 14 ]

سەبارەت بە پرسی یەکگرتن و دەرکەوتەکانی شوناسی نەتەوەی کورد (بەختیار زیوەر)یش داوای یەکگرتن دەکات بۆ ڕزگاربوون لە داوی دوژمنان، دەڵێت :

دەسا کوردینە تا فرسەت لە دەستایە و نەکوژراون

لەگەڵ یەك یەکگرن ، دوژمن هەزارداوی داناوە [بەختیار،2008: 73 ]

**ئەنجام**

1_ شیعری نوێی کوردی لە قۆناغی یەکەمدا لە هەناوی ئەدەبی کوردیدا وەك فاکتەرێکی ناوەکی لای (حاجی قادری کۆیی) سەرهەڵدەدات، بە پێچەوانەوەی قۆناغی دووەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لای( گۆران و شێخ نووری ....هتد)، لەژێر کاریگەری فاکتەری ناوەکی ودەرکیدا هەنگاو دەنێی.

4_ دەرکەوتەکانی، بەها نەتەوەییەکان لە شیعری نوێی کوردیدا، وەك گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی خۆی سازداوە، بۆتە هەوێنی داهێان و بونیاتنەر دەقی شیعریان.

3_ شاعیرانی کورد لە ڕێگای شیعرەکانیانەوە پارێزگارییان لە شوناسی نەتەوەی کورد کردووە لە هەمان باردا هەوڵی چەسپاندنی شوناسی خۆشیان دەدا .

4_ فەرهەنگ و وشەو زارەوەکان لە شیعری نوێی کوردیدا، بەرفروان بوو ، فەرهەنگی شیعری کلاسیکی تێك شکاند، بە واتای نوێی و مۆدێرن بەکارهێنراوە .

5_ شیعری نوێی کوردی پاڵنەر و هۆکاێکی کاریگەر بوو لە هوشیارکردنەوەی تاکی کورد لە بەرامبەر بەرپرسیارێتی پرسە چارەنووسسازەکاندا ،

6_ کورد وەك نەتەوە، گەلێکە بە هۆی نەبوونی قەوارەی سیاسییەوە بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەی بە تایبەتی زمان و کلتوورەکەی خۆیی لە بەرامبەر داگیرکەرانیدا، ئەدبیاتی کوردی وە بەتایبەتتر شیعری کوردی ئەم ئەرکەی خستوتە سەرشانی خۆی .

**سەرچاوەکان**

**أ ــ کوردی**

**- کتێب**


1. ئەحمەد، خورشید ڕەشید ،(1989) ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بغداد.
2. باڵەکی، یادگار ڕەسوڵ،(2005)، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی 1898 _1932، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە_هەولێر.
3. بەختیار زێوەر،(2008)، دیوانی بەختیار زێوەر ،چاپی سێهەم، دەزگای چاپوبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
4. پیرباڵ،د.فەرهاد،(2005)،شیعری نوێی کوردی ڕەگوڕیشەکان 1898_1958،دەزگای کوردستان،هەولێر.
5. حەسەن،محمد فەریق(1975)،ئاخۆ هۆنراوەی کۆن کەی بڕ ئەکات، ،گ:بەیان،ژ:٢١،کانوونی دووەم.
6. خەزنەدار، د. ،مارف،(2001) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر.
7. خەزنەدار، د. ،مارف،(2002) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ،بەرگی دووەم ، چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر.
8. دیوانی بێکەس،(2005)، ئومێد ئاشنا ڕێکیخستووتەو ولێ زیاد کردووە وەپاشکۆی بۆ داناوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر .
9. دیوانی حاجی قادری کۆی(1390)،لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، بڵاوکردنەوەی کوردستان ،سنە.
10. دیوانی حاجی قادری کۆیی (1986) ،لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا،بەغداد.
11. دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح،(2008)، ئازادعبدالواحید:کۆیکردووتەوە وساغیکردووتەوە،ب1،چ2،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
12. دیوانی گۆران،(1980). محمدی ملا کریم کۆیکردۆتەوەو و ئامادەیکردووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغداد.
13. ڕەسووڵ،دعیزەدین مستەفا،(2008) ئەحمەدی خانی 1650_1707 شاعیروبیرمەند،فەیلەسووف و سۆفی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
14. زێوەر،(2003)، دیوانی زێوەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر .
15. سابیر،د.پەرێز،(2005)،ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، ،چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر.
16. علاءالدین،عبدالخالق،(1985)،دڵدار شاعیری شۆرشگێری کورد، مطبعة آفاق العربیةللنشر، بەغداد.
17. گوڵمحەمەدی،ئەحمەد،(2007)،-(بەجیهانیبوون،کولتوور،شوناس)،وەرگێرانی:عەولابەهرامی، چاپخانەی خانی ، دهوك.

18. محەمەد،مسعود،(2010)،حاجی قادری کۆیی،بەشی سێیەم، چاپی دووەم ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر.

19. مەزهەر،د.کمال،(1978)،تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد. بەغداد.

20. موحەمەد،عومەر عەلی،(2012)،شوناس ورەهەندی بە جیهانیبوون،پەیمانگایی جیهانی فیکری ئیسلامیی و سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری، چاپی یەکەم، سلێمانی.

21. موکریانی،کوردستان و هاوڕێیانی،(2007) ، فەرهەنگی هەڕاشان دەزگای ئاراس ، هەولێر.

22. مەلایێ جزیری ، (دیوان )،توژاندنا سادق بهائەدین ، چاپخانەی کوری زانیاری کورد ، بەغدا ، ۱۹۷۷ .

23. نەبەز، جەمال(۱۹۸٦) پێوەندارێتی کوردی :کورد کێ یە و کوردبوون مانای چیە؟ بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم.

24. هاوار،محمد ڕرسوڵ(2007) دیوانی پیرەمێردی نەمر، چاپی یەکەم .بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی شڤان.

**ـ گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان**

25. بیمار، عبدالرزاق ،(1970)، دانیشتنێك لەگەڵ گۆران، گۆڤاری بەیان، ژ:2.

26. جەوهەر ، یاسین ئاشوور ،(2019)،قووڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان و کاریگەریان لەسەر بونیادنانەوەی عیراقی نوێ لە دوای ساڵی 2003، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ،2019.

27. ڕەنجاو، محمد(1983) دیدارێک لەگەڵ دڵداری شاعیردا، ،گ نووسەری کوردستان،ژ:٧،ئاداری.

28. عەلی، بێستون ابوبکر و حەمەحسێن، جوانە احمد،(2021) ، گۆڤاری دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی، ژمارە (٩)، سلێمانی.

29. قادری،فەرەنگیس،(2023)، ناسیونالیزم و مۆدێرنیتە لە شیعری کوردیدا: پێداچوونەوەیەك بۆ سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان 10(2).

30. کریم،محەمەدی مەلا ،(1977)،گۆران پێشەنگی قوتابخانەی نوێی کوردی، گ:ڕۆشنبیری نوێ،ژ64.

31. محەمەد، دڵشاد عەلی،(2007) ، گۆران داهێنان و نوێخوازی،لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆجی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ:20.

32. میراودەلی ، کەمال،(1970)کۆن و نوێ لە ئەدەبدا ،ڕ:هاوکاری،ژ ٤٢-٢٤-١٠.

**ب ـــ عەرەبی**

33. ارزقي ،محمد ،(1988)، برکان,التحول هل هو بناء للهوية أم تشويه لها,مجلة فكر ونقد,العدد 12.

34. اوغلو، عبد اللطيف بندر ،(1983) اشارات اولية في الشعر التركي، الموسوعة الصغيرة 127، منشورات دار الجاحظ بغداد.

35. دوبار ، کلود : 2008()، أزمة الهويات : تفسير تحول، ترجمة :رندة بعث ، ط1 ،المكتبه الشرقية،بيروت

36. السندي، بدرخان, (2002)المجتمع الكردي في المنظور الأستشراقي,مطبعة وزارة التربية,أربيل.

37. عبدالله، سرور، (2012) ،حركة الحداثه في الشعر الكردى ، مطبوعات مركز چاودير ، سليمانى .

هنتنجتون، صامويل,(1998)،صدام الحضارات,ترجمة طلعت الشايب,دار سطور,القاهرة.

**ج- ئینگلیزی**

1. Gellner, Ernest.1983. Nations and Nationalism. Ithaca: Cornell University Press
2. Nash, Manning. 1996. "The Core Elements of Ethnicity." In Ethnicity, eds. John Hutchinson and Anthony D. Smith. Oxford: Oxford University Press
3. The Oxford English Dictionary, Sixth edited by Sally Weh meier Oxford University Press Britain 2001.

**Abstract**

Literature, particularly poetry, has long played a crucial role in shaping national identity throughout history. In the late 19th and early 20th centuries, modern Kurdish literature, especially poetry, began to emerge as a powerful expression of national consciousness. We consider Haji Qadir Koyi the pioneer of modern Kurdish poetry, followed by influential poets such as Piramird, Goran, and Sheikh Nuri.

This study examines how national identity is manifested in modern Kurdish poetry. During its early development, this poetry carried a profound intellectual and cultural weight, shaped by the suffering and lived realities of the Kurdish people. More than just artistic expression, it became a medium for asserting Kurdish national identity, reflecting the poets' struggle for recognition and cultural preservation. This highlights the broader social and national responsibility of literature, particularly poetry.

Our research is divided into two main sections. The first, a theoretical framework, explores key concepts such as identity, nationhood, and the relationship between poetry and national identity. It also traces the origins of modern Kurdish poetry, with a focus on Haji Qadir Koyi as its founding figure. In the second part, we will explore how national values are reflected in modern Kurdish poetry. This includes themes such as honoring martyrs, celebrating Newroz as a national tradition, viewing national and ethnical poetry as tool for uprising and resistance, expressing pride in the Kurdish language as a symbol of identity, conveying messages of unity and

sjh@univsul.edu.iq

solidarity, and raising awareness through poetic expression. The study concludes with key findings, followed by a Harvard-style reference list.

**Keywords**: Identity, Nation, Modern Poetry, Haji Qadir Koyi, Language, History, Culture.

**ملخص**

الدراسة لطالما كان الأدب، وخاصة الشعر، مرآة تعكس الوعي الوطني وتوثّق هوية الشعوب عبر العصور. وفي أواخر القرن التاسع عشر وأوائل القرن العشرين، بدأ الأدب الكردي الحديث، ولا سيما الشعر، يأخذ موقعه كصوتٍ يعبر عن القومية الكردية ويجسد تطلعاتها. ونعدّ (حاجی قادری کۆیی) الرائد الأول للشعر الكردي الحديث، حيث مهد الطريق لشعراء بارزين مثل (پیرەمێرد و گۆران و شێخ نوری...الخ)، الذين واصلوا إثراء هذا الاتجاه الشعري .تهدف هذه الدراسة إلى استكشاف تجليات الهوية الوطنية في الشعر الكردي الحديث، الذي حمل منذ نشأته رؤية فكرية عميقة، نابعة من معاناة الشعب الكردي وظروفه التاريخية والاجتماعية. لم يكن الشعر مجرد أداة تعبير جمالي، بل أصبح سلاحًا ثقافيًا يعزز الهوية الكردية ويدافع عنها، مما يعكس نضال الشعراء من أجل الاعتراف بلغتهم وثقافتهم وتراثهم. وهذا ما يبرز الدور الحيوي الذي يلعبه الأدب، لا سيما الشعر، في تشكيل الوعي الجماعي للشعوب .ينقسم البحث إلى محورين رئيسيين: يتناول المحور الأول الجانب النظري، حيث يتم تسليط الضوء على مفاهيم الهوية والقومية، وعلاقة الشعر بالهوية الوطنية. كما يتم التطرق إلى نشأة الشعر الكردي الحديث، مع التركيز على دور حاجي قادر كويي في تجديده. في المحور الثاني، سنتعمق في تجليات القيم الوطنية داخل الشعر الكردي الحديث، حيث تتجسد في مواضيع عدة، مثل ذكرى الشهداء، والاحتفاء بعيد نوروز كجزء من التراث الوطني، و الشعر الوطني والقومي كأداة للانتفاضة والمقاومة، والتعبير عن الاعتزاز باللغة الكردية باعتبارها رمزًا للهوية، ونقل رسائل تعزز الوحدة والتضامن، إلى جانب دوره في نشر الوعي عبر التعبير الشعري. وتختتم الدراسة بأبرز النتائج المستخلصة، متبوعة بقائمة مراجع وفق أسلوب التوثيق المعتمد في جامعة هارفارد .

**الكلمات المفتاحية:** الهوية، القومية، الشعر الكردي الحديث، حاجي قادر كويي، اللغة، التاريخ، الثقافة.